# گیژە گوردە

# بەرلینیەگە

(کۆمەڵێك لە هەڵبەستە ڕۆمانتیکییەکانی )

**د . یوسف زەنگەنە**

**2011**

زەنگەنە ، د . یوسف

# کیژە کوردە بەرلینییەکە

(کۆمەڵێك لە هەڵبەستە رۆمانتیکییەکان )

چاپی یەکەم 3122.

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە .

Zangana. Yousuf, Dr.

# Kurdish Berliner Girl.

(Some Romantic Poems)

First Edition, 2011.

**ISBN:09534040-2-1**

dr.yousufzangana@yahoo.co.uk

# پێشکەش

پێشکەش ، بە تۆ ،
کە لێت پرسیم ،
بێدەنگی بۆ ؟
ئەم شیعرانەت کە خوێندەوە ،
ڕێگا نەدەیت ،
کەوا دڵت
لێت بپرسێ
کێ بێ ئاخۆ ؟
ئەو دڵ ڕەقەی
کە بەم جۆرە
ئەو بێدەنگەی
خستە ڕۆ ڕۆ .

# کیژە کوردە بەرلینییەکە

ئەی فریشتەی
لە بەهەشتی خوا
دەرپەڕیو ،
ئەی تیشکی خۆر
ئەی خۆر لە تۆوە
تیشك دزیو ،
ئەی بۆنی گوڵ
ئەی گوڵ لە تۆ
بۆن هەڵمژیو .
کپ بووم وەکو ،
گەڵای سەر دار
لە نەبوونی بای فێنکی ،
دەمەو بەیان ،
یا ئێوارەی ،
دوا ڕۆژانی

وەرزی بەهار .
ئارام وەکو ئاوی دەریا ،
پشوودانی شەپۆڵەکان ،
لە سەر کەنار .
بێدەنگ وەکو
سووتانی مۆم ،
وەك پەپوولەی
شکستە باڵ ،
وەکو منداڵ
ئارام بگرێت
لە بێشکەدا ،
رایبژەنێت ،
شنەی نەرمی
دەستی شەماڵ .
وەك بەرخۆڵە ،
لە کاتێکدا
گوێ دەگرێتە
شوانی عاشق ،

خەمەکانی نێو سینەی خۆی ،
دەرژێنێتە سینەی شمشاڵ .
وەکو بولبوڵ ،
بە ئێواران ،
لە ئێشو خەمی جودایی ،
روو بە رووی گوڵ ،
چەند چرکەیەك
بەر لە کاتی ماڵ ئاوایی .

**کیژە کوردە بەرلینییەکە** ،
لەو کاتەدا
نازانم چۆن ،
نازانم بۆ ،
چاووەکانم بەرز کردەوە ،
لە ناکاودا ،
هەردوو کەوتنە
بەر هێرشی
نیگایەکی ،

چاووانی تۆ ،
لەو کاتەدا ،
کیژە کوردە بەرلینییەکە ،
خودای جوانی ،
کە نازانی
بە سەر منی
کپ و ئارام
تۆ چیت هانی .
لەو کاتەدا ،
لە جیهانی ،
نێوەوەی من ،
بوو بە باران ،
بوو بە زریان ،
بە رەشە با ،
بوو بە توفان ،
بوو بە بەفرو
بوو بە تەرزە .
بوومە لەرزە ،

کەوتە دارو
کەوتە گەڵا ،
رەش وەرگەڕا
رەنگی دەریا ،
شەپۆڵەکان
سەرشێت و هار
کەوتنە هێرش ،
بەرەو کەنار .
مۆم بوو بە گڕ
کەوتە ناڵەو
هاوارو جۆش و خرۆشان .
پەپولەکە
هەزار باڵی لێدروست بوو ،
دای لە شەقە ،
فڕی بەرەو بنی ئاسمان .
خەو زرنگا
لە دووچاووی منداڵەکە .
بەرخۆڵەکە ،

ڕاچەڵەکا ،
کە کەوتە خوار
لە دەستی شوان ،
شمشاڵەکە .
کپی بولبول
بوو بە ناڵەو
بوو بە گریان
کە شکووفە ،
سینەی لە روویدا دادڕان .

ئەو نیگایەت
لە چاوومدا
میژووی
جیهانی وەرگەڕاند ،
خوولانەوەی مانگ و
زەمین ،
ئەستێرەکان
بە دەیان ساڵ

بەرەو پاشتر
کەوتنە سووڕان ،
ئەوەی روویدا
لەوە پێشتر
وامدەزانی کە مەحاڵە
مرۆڤێکی
لە چل ژوورتر
ببێتە لاوی بیست ساڵە .

## کیژە جوانە بەرلینییەکە

شەو بوو ،کاتێك نیگای چاووت
کەوتە چاووم ،
کاتێك گرِیان لە دڵ بەرداو
بوو بە زوخاڵ ،
لە سەردا ، مێشك
لە لەشیشدا ،
جگەر ، دەروون و هەناووم ،
رووناکی هێندە بە تین بوو ،

وامدەزانی نێوەڕۆیە و
رووبەڕووی تیشکی هەتاووم ،
بۆیا کاتێک بۆ بەیانی
هەتاو هەڵهات ،
جیهان تاریک ،
رەش وەرگەڕا ،
کە رۆیشتی و
کاتێک چاووت
تیشکی بڕا
لەبەر چاووم .

## کیژە کوردە بەرلینییەکە

ئەی جوانترین ئافەریندەی
دەستی گەردوون
بەخشێنەری بوون بە نەبوون .
زیندوکەرەی
دڵ مردوو لە سینەدا
وەک ئەوانەی

سەدان هەزار
ساڵە مردوون ،
لە نێو گۆڕی
تەنگدا ، نووستوون ،
بەر لە نیگای چاووەکانت
بەر لە رم و تیر بارانی
وامدەزانی
رۆژێک نایەت
کەوا مرددوو
جارێکی دی هەڵسێتەوە
دڵی سینەی
وەکو جاران ،
بکەوێتە خورپەو لێدان
بە بوونی تۆ باوەڕم کرد
ئەو رووداوە کە روو دەدات
دڵەکانیان
وەك دڵی من
دێتە جولان

هەزار ئەفسوس
جارێکی دیش دڵی زۆریان
بە هەزار هو هۆکارەو
دێتە سووتان .
رەنگیش هەیە کە هەندێکیان
خۆزگایان بێت
هەڵنەدەستان ،
هەر لە نێو گۆڕدا
بمابان .

**کیژە کوردە بەرلینییەکە**

ئەو نیگایەت
گیان بەخش بوو
نا هەر بە دڵ
وەك ئەندامی سینەی گیانم ،
بەڵکو بە گشت
شیعرەکانم ،
پەیکەریکی تازەی داڕشت

بۆ ووتارو ووشەکانم
لە ئێستاوە
ترسی ئەوەم
لێنیشتووە
ئەو نیگایەت کە نەمێنی
ئیتر شیعریش هەستی هیچکەش
نابزوێنیٚ .
ئەگەر هات و هەتاو نەما
چەرخی ژیان
ئیتر کام هێز
دەیسوورێنیٚ .
ئەگەر حوری تێدا نەبیٚ
بۆ بەهەشتی
ووشك و خالی
کێیە کەوا
بۆ خوداوەند
سەری سوجدە دانوێنیٚ .

## کچە کوردە بەرلینییەکە

چیت لێ پەنهان
دەبێ چیت لێبشارمەوە
لەو رازانەی دەریان پەڕان
نیگای چاووت
ئەو رازانەی
کە وەرم گرت
من بە چاووان .
تێمیان گەیان
بە زمانێك روون و ئاسان
جێنشینی خودای ئاسمان
هەڵگرمە .
هەڵگرمە
جێنشینی پەروەردگار
لەسەر زەمین
هەڵگرمە
باشترین و ناسکترین
خوا ئافەرین

هەڵگرمن

دوو دووربینی

زەرەبینی

نێو دەستان و

سەرچاووی خوا

ئەوان نەبن

شاراوەیە

ئەوەی کەوا

لە زەمین و لە ئاسماندا

کە روو دەدا

**کچە کوردە بەرلینییەکە**

ئەی نوێنەری پەروەردگار

بە بێ پرسیار

باوەڕم کرد

بەو پەیامەی چاووەکانت ،

هەر ئەو کاتە

لە مێشکەوە

سوجدەم بۆت برد

لە ئایندا ،
مەگەر سوجدە
بۆ موعجزەی خودا نیە ؟
بۆ باشترین دروستکردەی
لەوانی تر باشتر نیە ؟
**کیژە کوردە بەرلینییەکە**
ئەی خوای جوانی
من نازانم تۆ دەزانی یا نازانی
سوجدە بردن بۆ چاووانت
لای خوداوەند بەڕێزترە
لەوەی ببرێت
بۆ بەردو دار
بۆ چوار دیوار
بۆ بەردێکی رەشی سوتاو
لە شوێنی بت
بە دیواردا ،
هەڵواسراو
لە دوو داری

لە راست و چەپ
لێك کوتراو
لە چەند ووشەی
لەسەر بەردی
پاڵ چیاکاندا نوسراو
لە سەر پێستی
مەڕو مانگا نەخشێنراو
لە سەر خشتی
وشك کراوە ، هەڵکەندراو
دروست کردەی
دەستی مرۆڤن ئەوانە
بەڵام خودای ئاسمانە ،
ئافەریندەی
ئەو نیگایەو
ئەو چاووانە
بۆیە سوجدەم بۆ تۆ بردن
وەکو سوجدەم بۆ یەزدانە .

## کیژە کوردە بەرلینییەکە

تۆ دەزانی
بۆ دڵی من
وەك بارانی
بۆ زەمینی ووشك و تینووی
لێو قلیشاو
وەك ئاوەنگی
بۆ شادی رووم
وەکو شەونم
بۆ رووی بەرگی
گوڵی ژاکاو .
تۆ دەزانی
دڵ مەیی بوو لە سینەمدا
وەکو شەختە
دەمەو بەیان ،
گەرمی نیگات
تاوانیەوەو جارێکیتر
خستییە لێدان

## کیژە کوردە بەرلینییەکە

ئەی خوای جوانی ،
نا ، نا ، جوانتر لە گشت
خوداکانی ،
ئەوانەیان
بە ئەڵماس و یاقووتی سوور
دروستکران ،
ئەوانەیان بە زێڕو زیو ،
لە قالبدا ،
داڕێژران.
کران بە بت
لە محرابی بتخانەکان ،
چەقێنران ،
بوون بە خودای
سوجدە بەران .
ئەو نیگایەت وایلێکردم
خودای راستی و پەروەردگار

بە دوو چاووی خۆم ببینم
سوجدەیەکی وای بۆبەرم
ئەم بردبێ
لە رابووردووی هەموو ژینم .

## کیژە کوردە بەرلینییەکە ،

خەمەکانی
عاشقانی
هەموو دونیام ،
لە و نیگایەتدا
خوێندەوە
خەمی زولەیخا بۆ یوسف
فەرهاد بۆ شیرین
مەجنون بۆ لەیلی
مەنیژ بۆ بیژەن
خەمی عەشقی
مەلەك ئیبلیس بۆ خوداوەند

خەمی ڕقی
باوە ئادەم لە ئەهریمەن ،
بۆیا دەڵێم
نازدارەکەم ،
ئەو نیگایەت
بۆم بوو ،
بە خەم
لە چاوومدا بزر نابێت ،
چەند هەوڵ دەدەم .

## کیژە جوانە بەرلینییەکە

لەگەڵ ئەوەی خۆشەویستیت
لە دڵمدا بێهاوتایە ،
کەمێك کەمتر ،
لەوەی خوایە ،
بەڵام ئەوەی کەوا دیارە ،
کەوا ڕوون و ئاشکرایە ،
دیوارێکمان لە ئارایە ،

بەرزتر لەوەی شارەکەی تۆ
شاری بەرلین ،
نە هەزاری
وەك گوربەچۆف
دەیبزوێنێ ،
نە قولنگی هەموو جیهان
دەیرۆخێنێ .
دیوارێکە ،
بەردو بناغە ، ئاسنین ،
بەهێزترە لە دیواری ،
کۆشکی سپی و
لە کرملین ،
درێژترە لە دیواری ،
سەرزەمینی ،
دێرینی چین ،
کە بتوانین بە ئاسانی ،
تۆ لەولاوە ،
من لەملاوە ،

بە ڕێکەوین ،
تا ، بیبڕین .
فەرهادیش بم
بۆ تۆی شیرین ،
با بتوانین
وەکو بێستوون
سەرتاخووار سینەی دادڕین
بەڵام هێشتا ،
وەکو لەیلا ،
وەکو مەجنون ،
وەك مەنیژە
وەکو بیژەن ،
وەکو وەیس و
وەکو ڕامین ،
هەر وەکو مەم ،
هەر وەکو زین ،
ئێمەش هەرگیز ،
بۆ یەك نابین .

دیوارێکمان لە ئارایە ،

بەرزتر ،

لەوەی شاری بەرلێن

درێژترە لەوەکەی چین ،

ناگەین بە یەك ،

کەیخەسرەوێك ،

تاکو مابێت ،

لە ڕووی زەمین .

## ئاکام

خوێنەرانی ئەم دێڕانەم

گوێڕاگران لەم شیعرانەم

باوەڕ بکەن

ئەوەی خوێندتان

لە ئاکامی یەك نیگا بوو

بهاتایەو بوایە بە دوو

ئەم شیعرانەم

هەرگیز لە دایك نەدەبوو

ڕۆژنامەکان
بە دێڕێکی زۆر
گەورەو پان
دەیان نووسی
پاش نیوسەدە کوردایەتی
شاعیرێکی هەژاری کورد
بە تیری نیگای کوردێك مرد .

## دووامین پەیام

کە دەتزانی دڵی سینەت زیندانێکەو
دیلێکی تری تێدایە ،
تۆ بۆ ئەو و ئەویش بۆ تۆ
دێوانەو شێت و شەیدایە ،
ئیتر بۆچی منت سووتاند
بەو نیگایە ،
لە جیهانی ئێمەی مرۆڤ
لەم ستەمە قەد روونادا ،

لە جیهانی ئێوەی پەری
ئایا ئەم کارە رەوایە ؟
پێم دەگوتی ، لە چاوومدا
وەکو خودای ،
بۆ نەتدەگووت ، بتێکی تر
لە چاووی تۆدا خودایە ،
تکام وایە لە خودای عیشق
وەکو منت بە سەر بێنیٚ
هەست و هۆشت لەسەر دەرکاو
زەردەخەنەی سەر لێوانت
هەڵوەرێنی ،
تیری نیگای چاوویکی وەك ،
ئەوەی چاووت
دڵی سینەت بپێکێت و
وەك ئەوەی من بیسووتێنیٚ .

# خوو و نەریت

ئای کە رقم لە خەوتن بوو
دەمگووت کە کات لە نێو دەبات
لەو رۆژەوە کە بۆم دەرکەوت
لە خەویشدا لەگەڵمدای
ئارەزومە هەر شەو بێت و
لە خەودابم
رۆژیش هەرگیز
هەڵنەدەهات
چونکە ئەوەی کە لە خەودا
پێمان دەکرێت
لە بیداری
خوو و رەوشتی کوردەواری
بە گوناهە نێوی دەبات
بۆیا هەرگیز ،
رێگای نادات .

# عەبا و پەچە

چەسپاندنی عەبا و پەچە ،
لە سەر ژنان ،
گوناهێکە
خوداوەندی ئاسمانەکان
قەد نابوورێت لەوەی کەوا ،
ئەو یاسایەی دەرهێناوە ،
لەوەی کەوا ،
هوونەری خوای ،
لەبەر چاووان داپۆشاوە ،
لەو ڕۆژەوە خۆم ناسیوە ،
ئەم بۆچوونە ،
لە مێشکمدا دروست بووە و
لە دڵمدا ، نووسراوە .
باوەڕ بکە ، بەڵام ، ئەما ،

ئەگەر بێتو بیت بە بەشم ،
بتپارێزم تا لە حەسەد ،
لە هەناسەی ئەرێنی بەر
لە چاووی بەد ،
هەڕەشەی خوا ،
پشت گوێ دەخەم ،
پەنا بۆ ویستی خۆم دەبەم ،
یاسایەکی وا دەردێنم ،
کە عەبایەك ببێت بە سەد ،
پەچەش هەزار ،
داتدەپۆشم ، لە سەر تا خووار ،
گەر وانەکەم ،
ئەی جووانترین هوونەری خوا ،
بە تیشکی نێو چاووەکانت ،
ئاگرە گڕەی لێوەکانت ،
لە نیگاهی یەکەمتدا
هەزار دەمرێ و
سەدها هەزاریش بریندار

کەی ڕەوایە لەو کاتەدا
نێوم لێنێن ،
ئەو عاشقە دیوانەیە ،
لاو کوژێکی کردووەتە یار .

# گۆشتمت خووارد

گۆشتمت خووارد
ئێسکمت شکاند
دانە دانە
ڕەگەکانی لەشمت قرتاند
دڵمت لە سینە دەرهێناو
لەبن دوو پێتدا هەنجنان
سوپای ڕقت
لە سەد لاوە کەوتنە گیانم
لە سەر تا پێ
منیان سوتاند ،
لە ئاکامدا
سەر لشکری ئەو لەشکرەت
بڕیاری دا لەشکرەکەی بکشێنێ ،
چونکە هەرگیز بۆی نەکرا و شکا لەوەی ،
خۆشەویستیت
لە دڵمدا دەربهێنێ .

# یادی تۆ

هەرکاتی یادت
دێتەوە خەیال
ئارەزووی مێشك و
دڵی قرچاووم
وەکو تۆی کۆرپە
دێتە گڕوگاڵ
ئارەزوو دەکەم ئا لەو ساتەدا
وەکو پەروانە
بەرەو تیشکی رووت
بەربمە فڕین
لە باوەشت کەم
بە سەرگوناتدا
برێژم ئەسرین
وەك بولبولێکی شەیدای
رووی گولا ن
دەم لە شەقەی باڵ

بەرەو تۆ بفڕێم
وەکو ئەو منیش
لە خۆشیاندا
بە سەرتا بگرێم ،
پیلان ونەخشەی
ویژدان فرۆشان
پۆچەڵ بکەین و بخەینە بن خاك
پێکەوە بژیین
بە خۆشی و شادی
دەم بە بێکەنین
بە بی‌ترس و باك .

# بێ ئەو

چەند خەمناکە
ئەو دیمەنەی بەرامبەرم
کە پێی دەڵێن
بەهەشتی رووی سەر زەمینە
چەند بێ ڕەنگە
ئەم چیمەنەی دەورو بەرم
کە خەڵک دەڵێن ،
جوانتر لە رایەخی چینە
ئەوەی جوان بوو دوێنی لە چاوو ،
ئەمڕۆ بێ ئەو ،
بارە خەمی لێدەبارێ
چەندە لێڵە تیشکی هەتاو ،
ناشیرینە
کاتێک کە چاوو
بە فرمێسکەو
کاتێکیش دڵ کە برینە ،
لە نێو سینە .

# چاووت

له نەبوونت ،
کاتێك ویستم
تابلۆیەکی هەڵبەستێکم
بە چاووی تۆ بنەخشێنم
هەڵیواسم بە دیواری
کەعبەی دڵدا
پێم نەکرا
چەند هەوڵمدا ،
چونکە کاتێك بەرامبەرم
رادەوێستای
هێندە تیژ بوو
تیشکی نیگای
مەحاڵ بوو
بۆ من تەماشای

بە ناچاری
تا شێوەیەك
**لە چاووی تۆ**
پەیدا بکەم
بە تابلۆکەو
بە شیعرەکەم
جیهانیان
شەیدا بکەم
زۆر پە پەلە
کەوتمە مەلە
لە نێو دەریای
سەدان چاووی
شین و سەوزو
چاووی ڕەشدا
لە نێو دەریای
چاووی کاڵ و
پڕ بروسکەو
چاووی گەشدا ،

بەڵام ئەفسوس
پێم نەکرا ،
لە ئاکامدا
هەڵبەستەکە
لە دایک بوو
هەڵواسرا
بەڵام مردوو
لە ڕاستیدا
بە بێ وێنەی چاووەکانت
وەك داکێکی بەخت وەرچەرخاو ،
کۆرپەیەك بوو
لە بارم چوو .

# جوانە

جوانە دەڵێی
کەوانی پەلکە زێڕینەی
پاش بارانی
بەهارانی
نێوان لووتکەی چیاکانە .

جوانە
دەڵێی شنەی نەرمە ڕەوی
شەماڵی دەمی بەیانە
نا ، نا ، شنەی
بای فێنکی ئێوارانە .

جوانە وەکو تیشکی هەتاو
لە هەڵسانی زەردەی شەبەق

نا ، نا ، دەڵێی

زەردەی هەتاو
لە سەر سینەی
پەڵە هەوری ئێوارانە .
پێکەنینە ،
نا زەردەیە ،
زەردەخەنەی لێوی کۆرپەی
تەندرووستی
پاش لە خەوی خۆش هەڵسانە .

جوانە دەڵێی
دانە بەفری
باریوەسەر
چڵی داری بێ گەڵا و بەرگی زستانە .

جوانە دەڵێی
تەڵەقژی ، لاوە کیژی
گوندەکانی کوردستانە
لە کاتێکدا

داچۆڕاوەو بە سەر ڕوودا
پەرێشانە .

دەڵێی
گوڵەو تازە
پەردەی سەوزی سەری
هەڵکشاوە
لە بولبولی شەیدای عاشق
کەمکەمە شەرمی شکاوە

جوانە دەڵێی وێنەی تابلۆی دیمەنێکە
هونەرمەندێك کێشاویەتی
لە هونەردا سەرکاروانە

نا ، نا ، بە خۆ وێنەکەیەو دیمەنەکە
دیمەنەکەش هونەری خودای ئاسمانە
ئەو خودایەی کە ئەم لای ئەو
لە جوانیدا بێ شایانە

وا بزانم

ئیتر بەس بێ

باسی جوانی

جوانێك کەوا

لە هونەری ئاسمانیشدا

لە جوانیدا هەم

سەرەتاو

هەم پایانە .

# خۆشەویستی

وامدەزانی
خۆشەویستی
ئەم سەردەمەش
وەکو جاران
ئارامیەو شادی هێنەر
نەمامێکە
گەورە دەبێ و
زوو دێتە بەر
وامدەزانی ،
وەك بیستبووم
لە سەرمادا
گڕەو هەتاو
لە گەرمادا
کەپرو سێبەر
وامدەزانی
وەکو گوڵی گوڵەباخە

لە چووار وەرزیساڵدا
جوانە
وامدەزانی بەهاریکی
بێپایانە
بەڵام ئەفسوس
خۆشەویستی ئەم زەمانە
خەم هێنەرەو
شادی رەوین
نەمامێکە
گەورە نابێ
نایەتە بەر
وەکو ماستێکی بێ هەوێن
گڕی وەکو گڕی مومە
کورتەو بێهێز
جوانی وەکو گوڵاڵەیەو
گوڵی سەر مێز
تەنیا هەستی
رووی زمانەو

پایەی نیە
لە مێشك و دڵ
وەکو گەلا پاییزەیە
راناوێستێت
زۆر لە سەر چڵ
خوزگە بەوەی
جاری جاران
وەك باس دەکەن
کاتێ کەوا دەهاتە بوون
لە نێو ناچوو
تا گیان دەما
لە نێو گیانی
خۆشەویستان .

## دەتپەرستم

نە هەر یەکجار ،
گرمەی دەرگا ،
داخستنت ،
زەمین لەرزە دروست بکات .
نە هەر یەکجار ،
ساردی دەنگ و ووشەکانت ،
بەفرو تەرزە دروست بکات ،
خۆشتم دەوێ
دەتپەرستم ،
بێدەنگیش بیت ،
وەکو بتی ، بتخانەکان ،
بێدەنگیش بیت ،
وەکو خوداو
پەڕی باڵی ،
فریشتەکان .
تورە بیێ

وەك رەشەبا
وەکو باهۆز
وەکو زریان
بگرمێنی
وەکو هەوری
وەرزی بەهار
بهاژێنی وەکو رووبار
بێیتە لەرزەو
خۆ ڕاوەشان
وەکو گەڵاو
چڵ و لقی درەختەکان
ئەی ئەو کەسەی
حەپەساون
لە جوانیتدا
جوانەکانی سەرزەمین و
لە ئاسماندا ، فریشتەکان .

# پەنجەرە

لەو رۆژەوە کە دەنگی
هاتوەتە بەرگوێکانم
شێت و شەیدا و پەریشان
ماڵ و لانە وێرانم

کێیە ئەو خودا ناسەی
ئەمەی پێڕاگەینێ
کەوا عیشق و ئەڤینی
وەکو شەم بۆ پەپولە
خەریکە دەمسووتێنێ

هەموو رۆژێ بەیانی ،
کە هەتاو سەر دەردێنێ
وەکو گوڵە بەڕۆژە
روو لە بارەگای ئەوم
بە هیوام خۆی بنوێنێ

سەرمای زستانی بەفرین
دڵی من دەوەستێنێ
ئەویش لە گەرمی دڵی
بە مشتی ، ئارام ئارام
بەفری پێدا دەپڕژێنێ

گەرمای هاوینی سوزان
مێشکی من دەبرژێنێ
ئەویش لە ساردی دڵی
سەر تاکو سەری سینەی
گەرم دادەپۆشێنێ

خۆی و پەنجەرەو ماڵی
بوونە بە قیبلەگای من
ئەویش بەرەو قیبلەی تر
ڕۆژی لە چەند جار زۆرتر
سەری خۆی دادەنوێنێ

چاوو بیرو هەستی من
بەرەو خۆی دەکێشێنێ
خۆیشی بەرەو لایەک تر
نیگای راکێشراوەو
دەستی رادەوەشێنێ

نێوی شیرینی ئەوە
خوورپە لە دڵم دێنێ
ئەویش نێوێکی ترە
دەروون و بیرو دڵی
پێکرا رادەچەڵکێنێ

جار جار چاووی لە منەو
دڵی لە شوێنێکی تر
من سوتاوی عیشقی ئەو
ئەویش بۆ یەکێکی تر
سینەی خۆی دادەڕێنێ

لێرەدا لەناڵەی من
هاوسێکان ناڵەیانە
ئەویش بە دەنگی نەرمی
بە لایەلایەی گەرمی
هاوسێکانی دەنوێنێ

لە ئاکامی گریاندا
بە چاوو زووخاو دەڕێژم
ئەویش لە پێکەنیندا
وەکو سەیلی بەهاری
چاووی گوڵاو دەرژێنێ

تاکو گیان لە گیاندا بم
چاووم بە شوێنیا دەڕوا
تێناگات نیگای چاووم
کێیە ئەوە کەسەی کەوا
ئەم رازەی تێگەینێ

لە یاسای خەڵك و خودا
باو نەبووە کاری وا
کام ئەفسوونگەرە کەوا
ئەم جادووە بووچ کات و
ئەم تەلەسمە بشکێنێ

کارێکی بە سەر بێنێ
بیکات بە بت پەرست و
لە دین وەریچەرخێنی
روو لە قیبلەی نەکات و
بەرەو من بیسورێنێ

پەردەی سەر پەنجەرەکەی
وەك سینەی دادڕێنێ
بەرەو لای من هەڵبێت و
دیواری ئاسنینی
نێوانمان بڕوخێنێ

بە دەست و پەنجەی نەرمی
بێترس لە خوێن و برین
بە هێزی خۆشەویستی
سیمی دڕکاوی ژارین
لە ریشەوە دەربێنێ .

# هەتاو

لیمۆی هەتاو
بە دەستێکی نەبینراو
گوشراوەو
ئاوەکەشی دڵۆپ دڵۆپ
تکاوەتە نێو پەیکەرت ،
بۆیا جوانیت وەك هەتاوە
گڕی گەرمیت
وەك هەتاوە
تەڵی قژت
وەکو تەڵی
قژی زەردی
ئەویش خاوە .

# به‌ڵێن

هه‌ر بڵێ ئا
شه‌رته‌ ئه‌وه‌ی من بۆت بکه‌م ،
نه‌کرابی ،
به‌ هه‌زار ساڵ
پاڕانه‌وه‌
له‌ پێغه‌مبه‌رو له‌ خودا
هه‌ر بڵێ ئا
له‌ به‌ر پێتدا دروست بکه‌م
شه‌پۆلی وا
نه‌کرابی
نه‌ به‌ ئاوی رووباره‌کان
نه‌ به‌ ده‌ریا
هه‌ر بڵێ ئا .

زریانی وا
دروست بکەم
نەکرابێ
بە ڕەشەبا .
هەر بڵێ ئا .

# راز

چ سرێکە خوداوەندا
لەم چرکەدا
لە گەڵ لەرزەی
پەنجەی ئەودا
دێتە لەرزە
دڵ لە نێوان
سینەی مندا ،
دەکەوێتە جۆش و خرۆش
باڵە فڕێ بۆ دەرپەڕین
وەك بولبولی
شێت و شەیدا
لە قەفەسدا .
بڵێی تیشکی
چاووی ئەوی
دیلی نێوان

تەڵی تاری
قژی خۆی و قژی هەتاو
هەڵدێ بەرەو
دڵ و مێشکم
مەست و خومارم دەکا
یا خود دە نگی
پڕ سۆزیەتی
تێکەڵ لە گەڵ
نەغمەی نەرمی شەماڵ ،
لە گەڵ شنەی
بای هەناسەی فریشتەکان
بەرەو من دێ و
هەڵمژینی
بە بێ بادەی دەستی ساقی
بێ نۆشینی مەیی ساردی
پشت میحرابی مەیخانەکان
کەللە گەرم و هارم دەکا
چ سرێکە ،

سەرسوورِ ماووم
سرِی ئەوتۆم
نەبیستووە لە ژیاندا
بە گوێکانم
نەمبینیوە بە دوو چاووم .
مەیی دەستی شووشەینی
هەزاران ساقیم نۆشیوە
نیگای چاووی
سەدان جوانی
پەری وێنەم
وەرگرتووەو
بەرەو چاووی
خۆم دزیوە
خونچەی هێشتا
نەپشکوتوم
لە نێو کاسەی
سەدان لێواندا
چنیوە

بەڵام هەرگیز
وەك ئەم ساتەی
ئێستا تێیدام
خۆم نوقم بووی
دەریای شادی
ئا لەم جۆرە
نەبینیوە
ئەوەی سەیرە
ئەوەی ئەم ئەڵهاو ئیلهامەی
هێناوەتە
نێو مێشکی من
هەزار فەرسەخ
لە من دوورە
لە نێوانی من و ئەودا
دەریایەکی پان و پۆڕو
چەندین دیوارو سنوورە
وای بە حاڵم،
دەبێ چ بکەم

دەبێ چەند جار
ببم بە ئاو
بە دڵۆپە
داچۆڕێمە بنی خاکدا
دەبێ چەند جار
ببم بە هوڵم
وەکو باڵدار
بەرز بفڕێم
بە ئاسماندا
دەبێ ببم بە کامەیان
لە نێو لیستەی
ئەڤینداره شەیداکاندا
قەیس یا مەجنون
فەرهاد یا مەم
رۆمیۆی ئینگلیز
یا بیژەنی فارس و عەجەم ،
ئەگەر بێت و
لە رۆژێکدا

له ساتێکدا

له چرکەیەك له چرکەکان

سنوورەکان

هەڵبوەشێن

دەریا ووشك کات

دیوارەکان بێته رووخان .

# چەپکە گوڵێک لەسەر گۆڕی ئارەزووەکان

ویستم ئەمساڵ
لە نێو گڕی ،
دڵی سینەم
بیری مێشکم ،
بسووتێنم ،
لە نێو دوو پیاڵەی چاوومدا
فرمێسکەکان ،
بکوڵێنم ،
چەپکە گوڵی ،
وەکو خوێنم
لە گوڵدانی
خەمەکانی ،
دەروونمدا
بچەقێنم ،

کپ و ئارام
دەست لە ئەژنۆ
سەر لە سەر دەست ،
یادی رۆژی ،
چاووپێکەوتن ،
تێپەرێنم .
بەڵام دیسان
ئۆقرەم نەگرت و کەوتمە رێ ،
بەرەو ئەوێ
بەرەو خاڵی یەکەم دیدار ،
لە کەنار شار ،
تا پیرار ساڵ ،
شاری شادی ،
بەڵام ئەمڕۆ
بارەگای خەم ،
تاکو پێرار ،
مەڵبەندی خۆر
بەڵام ئەمڕۆ ،

کانیاوی تەم ،
بەر لە دوو ساڵ ،
روانگای گوڵ ،
بەڵام ئەمڕۆ
گۆڕستانی ، ئەڤینی دڵ .
ئا لەوێدا ،
فرمێسکی پیاڵەی چاووانم
هاوڕێ لە گەڵ
کۆڵەباری خەمەکانم ،
تێکەڵ لە گەڵ
کڵپەی گیرخواردووی گریانم
بوون بە گوڵێك ،
چەپکە گوڵێك و چەقاندم
لە سەر سینەی ،
تازە گۆڕێك
گۆڕی هەموو ویستەکانم ،
تاکو ببێت بە ئاوێنەی
پیشاندەری ،

رازەکانم
کە نووسران
لە سەر پەڕێك لە پەڕەکان ،
ئا لێرەدا
مۆمی دوو دڵ ،
لە دایك بوو ،
گڕی گرت و
بە ئاگری خۆشەویستی
کەوتە سووتان ،
هەر لێرەشدا ،
ئەو دوو دڵە ،
بە پیلانی ،
پیلانکێشان ،
زۆر بە ووردی
هەنجێنران
هەر لێرەدا
دڵ مردوان
مۆمەکەشیان ،

کوژاندەوە
بە فوی هەناسەی
ناپاکیان .

# گرنگترین هەواڵی رۆژ

گرنگترین هەواڵی رۆژ . . . . .
خۆشتم دەوەێ گەلێك زۆرتر
لەوەی دوێنێ ،
هەموو لەشم پڕە لە تۆ ،
جێ نەماوە ،
نە بۆ خاڵێك نە بزوێنێ ،
ئەگەر هات و خوانەکەران ،
لە رۆژێکدا بەجێمبێڵی ،
بێشەك دەمرم ،
چونکە ئیتر کەس نامێنێ
لەم جیهانە ،
بمدوێنێ .

# ئەزموون

_ 2 _

نازدارەکەم ،
لە ئەزموونی ئەم ساڵمدا
لێیان پرسیم ،
لە تابلۆکانی جیهاندا ،
جوانترینیان کام تابلۆیە ؟
بێوێستان و بیرکردنەوە ،
پێیانم گووت:
چاووی تۆیە .
لێیان پرسیم ،
ئایا راستە یا درۆیە ،
زەردەخەنەی مونالیزا ،
بە نێوبانگترین تابلۆیە ؟
گووتم نەخێر ،

زەردەخەنەی لێوی تۆیە ،
لەکاتێکدا لەشکری خەو ،
چاووەکانت دادەخات و
زەردەی لێوت جێدەمێنێ و
دەڵێی ئاوەنگی شەوانی ،
سەر سینەی گوڵی شەوبۆیە .

_ 3 _

لە جوگرافیا ، لێیان پرسیم ،
لە جیهاندا جوانترین خاڵ ،
چەندەو چۆنەو یا لەکوێیە ؟
پێیانم گووت:
دوو خاڵەکەی گرِ بژێنی ،
گۆنای تۆیە ،
کە پرسییان ،
ئەی ساردترین خاڵی جیهان ؟
مێشك راوێستا ،
زمانیشم هاتە بەستان ،

لە ناکاودا ، لە نێوەوە دەسەڵاتێک ،
بە دەست و برد
رزگارمی کرد ،
لەو پرسییارو هەشت و نۆیە ،
پێیانم گووت:
ساردترینیان ،کە نازانم ،
گەرمتریان ،
باوەشەکەی گەرمی تۆیە ،
پێکرا هەموو مامۆستاکان ،
کەوتنە هۆراو ، چەپڵە لێدان ،
لە ئاکامدا ،
نێوم چووە ، سەرووی لیستی
سەرکەوتووەکان .

# ئەو ساتانەی لەگەڵمدای

ئەو ساتانەی لەگەڵمدای
مانای خەم و ئێش و ئازار
نازانم چین ،
تاکو لە نێو فەرهەنگەکان
جێدەگۆڕن بە پێکەنین ،
کاتێک کە تۆ جێمدەهێڵی ،
بە دوو چاووی بێزەڕەبین ،
وەکو بەفری لووتکەی چیای
وەرزی هاوین ،
تاوانەوەی شادی لە رووم ،
دێتە بینین .

# هۆی شادی

بیرم لە لاتە
تەنیا هۆی شادی
دڵ و دەروونم ،
کە تۆم هەی ، من هەم ،
تۆ نەبی وونم
کە لەگەڵمدای
کەون ومافیها لە دەستمدایە
کە تۆم لێدوور بیت ،
تەنیاترینی رووی زەمین منم .

# بەرهەمی خۆشەویستی

قژ سپی بوو ، پشت چەماوە ،
مێشکم بووە فەرهەنگۆکی
زانیارییکان ،
بەڵام تاکو ئەم چرکەیەش ،
تۆسقاڵێکیش حاڵی نەبووم
لە کردەوەو کاری یەزدان ،
بۆ بەرهەمی خۆشەویستی
نایەتە بەر ،
بۆ زۆر دەبن ،
ملیۆن ملیۆن ئەهریمەنان .

# کێش و سەروای شیعرەکانم

کە لێت پرسیم ،
زۆر لە مێژدا ،
هۆنراوەت بۆ دانەناوم ،
خۆشەویستیت کۆتایی هات
یا لە بیرتدا نەماوم ،
لە راستیدا لەم پرسیارەت
سەرم سوورماوم ،
مەگەر هەستی شاعیرێکی دڵ پێکراو ،
بە بڵێسەی خۆشەویستی
دەروون سووتاو
وەکو باوە ،
تەنیا ووشەی سەر زمان و
لە سەر کاغەز رێکخراوە ،
بۆ نازانی ،
لە کاتێکدا پەنجەکانت ،

لە نێو دەستانم دەنێژم ،
وەك دەروێشی حاڵ لێهاتوو
غەرقی نێو دەریای خەیاڵم
نەرم نەرم ،
دەستیان بەسەردا دەماڵم ،
لە کاتێکدا پەنجەکانم
لە مەلەدان ،
لە شەپۆڵی دەریای قژی
نەرم و خاووت ،
چاووەکانم بە بێ پوورکە
دەڕواننە چاووەکانت ،
لە کاتێکدا وکو مەستان
وورووو گێژم ،
بۆ هەست ناکەیت لەو کاتەدا ،
بە بێدەنگی ،
کێش و سەروای شیعرە کەوا ،
دایدەڕێژم .

# هەرکە دەڕۆی

هەرکە دەڕۆی ،
بە چاوویکی بێ زەڕەبین ،
خەمێکی قوول ،
لە چاوومدا دێتە بینین ،
شادی سەر رووم جێدەهێڵێ ،
وەکو پۆلی باڵندەکان
لە رۆژئاوا ،
دەکەوێتە بەرزە فڕین ،
پێکەنینیش ،
وەکو هەتاوی ئێوارە
لەسەر لێوم دێتە چۆڕین ،
ئەوەی تاکو دیداری نوێ
لەگەڵمایەو جێم ناهێڵێ ،
فرمێسکی نێو چاوانمەو ،
هەناسەیەکی ئاگرین .

## دەنگت

لەکاتێکدا هەموو ڕۆژێك ،
گوێم لە دەنگتە
خەم ، خەیاڵە ،
تاڵ ، شیرینە ،
ڕەش ، سپییە ،
ساتێك شادی ، سەدان ساڵە ،
بەڵام کاتێك کەوا دەنگت ،
دەبڕێ لە گوێم ،
خەم بارانەو
شیرنی تاڵە ،
پێکەنین و شادی و خۆشی ،
بوونیان نیەو
لە ڕاستیدا ، هەر مەحاڵە .

# چاوونەترسم

لەم جیهانە مرۆڤێکی چاوونەترسم
لەو دونیاشدا هەر وادەبم
بە بێترس و دڵە کووتان
بۆ درووستکەر درێژ دەکەم
پەنجەی تاوان
ئەو جووانییەی پێنەدابای
بۆ دەبوویتە هۆی خۆکوژی
دەستە دەستەی
گەنج و لاوان .

# خۆشتم دەوێ

هەزار پەنجەی درِکاوی تر
بتقرتێنێ ،
هەزار گوڵکار ،
بتوەرێنی
هەزار زۆردار
بترِفێنێ ،
خۆشتم دەوێ ،
تا گیان لە گیانم
بمێنێ .

# پەشیمانی

هەر دوێنی بوو کە لێت پرسیم ،
بۆچی منت وا خۆش دەوێت ؟
منیش گووتم کە نازانم ،
بەڵام ئەمڕۆ ،
لەو وڵامە پەشیمانم ،
چونکە زانیم دڵی منی و
بێدڵ مەحاڵە ژیانم .

# رستەی شایان

لەو کاتەوە پەیامەکەت گەیشتووە ،
وێڵم بە شوێن رستەیەکدا ،
شایانت بێت ،
نییە ، چ بکەم ،
پەنا بۆ کام فەرهنگنامەی
جیهان بەرم ،
هانا بۆ کام زمانەوان ،
بۆ کام شاعر ،
کام چیرۆکنووس ،
کام پسپوری بیر فراوان ،
بۆ ووشەیەك
یا خود باسێك ،
مێشکم بلێ
باسی جووانی لەشی تۆیە ،
یا خود تیشکێك دەست نیشانکەن

کە بە هێزتر ،
لەوەی چاووی گەشی تۆیە ،
چیت پێ بڵێم ،
چۆنت باسکەم ،
کە بڵێم گوڵ ،
جوانتر لە گشت گوڵەکانی ،
بڵێم پەری ،
توی شاهەنشای پەرییەکانی ،
بڵێم مانگی ،
هەتاو شەیدای جووانی تۆیە
کە شەو دادێ ،
تاکو بەیان پیشەی ،
زاری و شین و رۆیە ،
کە پێت دەڵێم بە بێ وێنەو بە بێ شێوەی
هەزار تۆبەو سەد استغفار
دەتشوبهێنم بە ئیزەدی پەروەردگار
ئەویش وەك تۆ بێهاوتایە ،
جیاوازیتان ،

تۆی نوێنەری و ئەو خودایە ،
لە ئاکامدا ئەوەی دەیڵێم
لە جووانیدا هەر خۆت خۆتی
لە دوو جیهان ،
تۆسقاڵێکی باسی جوانی و وەسفی تۆیە
ئەوەی تاکو ئەم چرکەیە
نووسیویانە جوان ناسان و
کە دەیهۆنن شاعیرەکان
وێنەکێشان دەیکێشن و
کە دەیتاشن پەیکەرتاشان .

## درۆزن

لە بیرت دێت لە لا بەردێك ،
بۆمت نووسی ،
خۆشم دەوێی ،
منیش نووسیم ،
ئەی درۆزن ،
نووسیتەوە ،
درۆزن نیم سوێند بە ناووت ،
باوەرم کرد ،
بە فرمێسکی پییاڵەی چاووت ،
چیرۆکەکە لەسەر شانووی ژیانمان ،
کەوتە گەڕان ،
بە بیرم دێ گەلێك زوو بوو ،
هێشتا بەشی یەك و دوو بوو ،
پەردەی رووپۆشی ئەکتەریت
کەوتە خوارێ ،

ئەوەی بینم
فریشتەکەی جاران نەبوو ،
هاتیە بەرچاوو ،
وەك دووپشکێك ،
وەکو ماریَ ،
نەرم و نۆڵ بوویت ،
خۆت پیشان دا ،
وەکو مێخێك ،
وەك بزماریَ
کاریکت کرد ئیتر هەرگیز
کورد ووتەنی ،
ئاوی منی دەروون خاوین
لەگەڵ ئەوەی لیڵی تۆدا
پێکرا نەڕژێنە رووباریَ .

# گوڵ پەرست

لە بیرت دیت یا نازانی
کە منداڵ بوویت
وەکو پڵنگ
بۆ نێچیری
تۆ هەڵمەتت بۆ گوڵ دەبرد
حەزت لە چنینی دەکرد
بینەرانت دەحەپەساند
دەیان پرسی
تۆو گوڵچنین
ئەی جوانترین گوڵی کەوا
پەروەردگار چاندوویەتی
لە رووی زەمین ،
هێندە گوڵی
رەنگاوڕەنگی

جوانت چنی
هێندەت روان
رۆژێک وون بوویت
لە نێوانیان
کەس نەیتوانی
پەیدات بکات
تا ئەوکاتەی
رووی تۆ نەبێ
ووشک بوونەوەو
رەش وەرگەڕان
گشت گوڵەکان .

# لە کاتێکدا جێمدەهێلیت

لە کاتێکدا جێمدەهێڵیت
ئەگەر کورتە تەمەنیش بێت
بە شێوەیەك بارو دوخی
سایکولۆژی و فیزیۆلۆژیم دەگۆڕدرێت ،
بە چاوێکی بێزەرەبین ،
ئاوابوونی ئارامیەکان
لە چاوومدا دێتە بینین ،
شادی دەبێت بە باڵندەی ئێواران و
دەفرێت بەرەو تاریکیەکان ،
پێکەنینیش دادەچۆڕی لە روومەوە ،
وەك و هەتاوو روو لە نەمان ،
ئەژنۆکانم لاواز دەبن ،
هێزی باری لەشی سووکمییان
تێنامێنێ ،

پەنجەکانم ،
دێنە لەرزین
دەبێ بە ژار لە دەممدا
تامی هەنگوین ،

بەڵام کاتێك کە دەڵێیت ، دێیت ،
دەڵێی دانیشتووی مەدینەم ،
بەدری ئایین لە رووم هەڵدێت ،
دەبمە یاقوب
بۆنی یوسف بۆم دەوەزێت ،
هێندە هێزی خوداوەندی
دێت بە لەشما ،
بە سەرۆکی شاهەنشاکان ،
دەڵێم تۆ کێیت ،
بە پێکەنین ، پێدەکەنم ،
چەند خەمبارە ،
بۆ شادییەکان ، دووعا دەکەم
دەڵێم یاخوا خێر بێتە رێت ،

هەتاوو لە دەستم نالەی دێت ،
چونکە هەرگیز لە ئاسمانی دەروونمدا
ئاوا نابێت ،
داری بەڕووی هەزار ساڵە
لە ئەژنۆی من هێز دەدزێ ،
هیچ بایەکیش نایلەرزێنێ ،
هەرچەند بە توندی بووەزێ ،
باوەر بکە ، بهاتایەو
لە گەڵمبای بە رۆژو شەو
قۆناخی مردن نەدەما ،
دەسڕاوە لە فەرهەنگی نێو مێشکمدا ،
مانای خەم و مانای ئازار ،
چووار وەرزی ساڵ دەگۆڕدراو
ساڵ تەنیا دەبوو بە بەهار .

# چ سرپکە ؟

چ سرپکە ؟
لە گەڵمدای ،
گڕی تیژی نیگای چاووت
دەمسووتێنێ ،
کە لێم دووری ،
خەمی دووری ،
ژینم دەکات بە دۆزەخ و
مێشك و دڵم دەبرژێنێ
خوداوەندا ، پەنام بەر تۆ ،
ڕێگایەکم پیشان بدە ،
لە نێو ئەم
دوو ئاگرەدا
دەرم بێنێ .

# بیرت دەکەم

بیرت دەکەم ،
بیرت بیرم ، جێناهێڵێ و لە بیرمدای ،
جاروباریش وا هەست دەکەم ،
لە مێشکمدا دەڵێی خوودای .

# تینوو

بەیانیت باش
پەپولەکەی باخی یەزدان ،
نەرمۆڵەکەم ،
ئەی نەرمتر لە دڵۆپەی
نەرمی باران ،
لەکاتێکدا وردە وردە ،
دەبارێتە ، ئێو باوەشی
نەرمی گوڵی سەر چڵەکان ،
باخی دڵم چاووەڕوانی بارینتە ،
باوەشیشم تینوی تۆیە ،
وەکو دەشتی ووشکی تینوو
لە هاویندا بۆ دڵۆپێك
ئاووی
ئاسمان .

# دڵڕفێنم

ئەم کاتەت شاد ،
دڵڕفێنم ،
کە تۆ نەبیت ،
من بە بێ دڵ ،
چۆن دەمێنم ،

# خۆزگە

خۆزگە ووشەیەك
لە فەرهەنگێکدا ، دەستکەوتبایە
تۆسقالێك شێوەی خۆشەویستی تۆی
لە نێو مێشکمدا ، راڤە کردایە ،
ئەفسوس کە نیەو نەبووەو نابێت ،
ئەمەش خەمێکە لە ناخمدایە ،
بەلام هەر کاتێك بینیت بە بێدەنگ
لە نێوان دەریای قوولی خەیاڵدام
وەکو پەپوولە بە دەوری شەمدا
لە پەڕو باڵدام
بزانە وێڵی دوای ووشەیەکم
دەربڕی ڕابێ ،
دەنکێك لە خەرمان ،
وێنەی ئەڤینی بێشایانی تۆی
لە مێشکی مندا ،
تیا ئاشکرابێ ،

# دڵی شەم

دڵی من و دڵی شەمی گڕتێبەربوو
وەکو یەك وان ،
ئەو بۆ ماچێکی پەپوولە
دێتە سووتان ،
من چرکەیەك باوەش لێدان ،
بەڵام نە ئەو هەرگیز دەگات بە ئاواتی
نە باوەشی ساردی منیش
گەرم دەبێت ،
بە گڕی تیشکی چاووانی ،
بۆیا کاتێ دەڕوانمە
تاوانەوەی نەرمی شەمێك
پاشە رۆژی خۆم دەبینم
دلۆپ دلۆپ خەمی دووری دەمتکێنێ ،
دەمسووتێنی ، دەمبرژێنی ،
چاووەڕوانی .

# زەردەخەنەی خووا حافیزی

لە کاتێکدا جێمدەهێڵێت
زەردەخەنەی خووا حافیزیم
گریانێکی کش و ماتە
فرمێسکەکان
پەردەیەکی تاریکی رەش
دادەبۆشن بەسەر چاوودا ،
گڕی خەمێکی سووتێنەر
خۆی دەهاوێتە هەناودا ،
کابوسێکی رەشی نادیار ،
جۆرێك قوڕگم گوشار دەدات
وا هەست دەکەم
ئیتر کۆتایی حەیاتە ،
هەرگیز بە بیردا نەدەهات ،
کە رەوڕەوەی چەرخی زەمان

هاودەست لەگەڵ پەنی ژیان ،

زنجیرێکی هێندە بتەو

بخەنە دەست و پێکانم

کە نەتوانم ،

کوتاییەك بە دی بێنم ،

بۆ ئەم هات و رۆیشتنەو

ئەم نەهاتە .

# ئاسکۆڵەکەی کوێستان

بەیانیت باش
ئەی ئاسکۆڵە ناسکۆڵەکەی
چیاکانی
بەرزی کوێستان ،
گەرمییانیەك شێت و شەیدای
چاووانتە ،
چارەی ناکەن
دوعاو نووشتەی
مەلاو شێخان ،
پزیشکانیش رایان وایە ،
کە بێکەڵکە دەواو دەرمان ،
حەکیمانی پیرو زانا فەرموویانە ،
هەر وا دەژی ،
لە ئازارو لە مەینەتی و شین و گریان ،

تاکو ئاسکە چاوو رەشەکەی ،
رەویك نەکات ، بەرەو گەرمیان ،
لێو نەخاتە سەر لێوانی
هەڵنەمژێت بە هەناسەی ،
لە سینەیدا ،
ئێش و پەژارەو خەمەکان ،
گەر دەتەوی بمرم ،
کە هیچ ،
گەر وا نیە ،
لە بیر نەکەیت ،
ئامۆژگاری حەکیمەکان .

# ڤینۆسی زەمان

بەیانیت باشتر
ڤینۆسی زەمان ،
ئەی ناسکترین دروستکراوەی
دوو دەستی یەزدان
ئەی خەم رەوێنی دڵی تەنیای من
ئەی خەم دروستکەر بۆ شای پەریەکان ،
جوانیت وەك هەتاو ، جیهانگیر بووە ،
بووە بە ویردی سەر لێوو زمان ،
دۆستان فرمێسکی شادی دەرێژن ،
شین و رۆیانە ، دەستەی حەسوودان .

# تیشکی چاووت

خۆشەویستیت سەدان هەزار
گرفتاری بۆ سازاندم ،
لە دووریتدا ، دیوانە بووم
بەرەو کێوانت رفاندم ،
بێ تۆ تووشی هەزار دەرد بووم ،
سەر لێشێواوو حەیرانم ،
لە ئاکامدا ،
قوربانی دەستی کامیانم ،
پزشکانی هەموو جیهان ،
سەرسوورِ ماوون ، وەرِس بێزار ،
لە وڵامی چی بکەمدا ،
یەک یەک پێم دەڵێن نازانم ،
من دەزانم ،
تیشکی چاووی رەشی تۆیە ،

چۆڕینەری

ئاووی رەش و سپی چاووم ،
گڕی گەرمی هەناسەتە ،
گڕی خستووەتە هەناووم .

# کە زیز دەبێ

کە زیز دەبی ،
وا دەزانم لە رووی زەمین ،
رووداوێکی وا روویداوە
شای پەرییان توورە بووەو
لە ناخدا دڵی شکاوە
خۆی و هەموو فریشتەکان
زەمینیان بە جێهێلاوە
بۆیا ئیتر خۆشی و شادی
بوون و مانایان نەماوە
پێکەنین و زەردەی لێوان
بە گریان جێیان گۆڕاوە .

# خەم باران

کە لێم پرسیت بۆ بێدەنگی
گوتت قورگت پڕ گریانە ،
من چی بڵێم لە نێومدا
شینەو زاریەو زریانە ،
گەر چاووی تۆ ،
دڵۆپێك فرمێسك دەڕژێنێ
شەپۆڵی ئاووی چاووانم
وەکو ئەوەی دەریاکانە ،
تاڵێك خەمە کە باری تۆ ئاڵۆز دەکات
بۆ سەر دڵی من بەد بەخت
خەم دەڵێی بەفرو بارانە .

# منداڵە هارەکە

ئەم کاتەت باش نازدارەکەم ،
بێتۆ دەشتی بەرەهۆتە ،
ماڵ و ووڵات و شارەکەم ،
شەوێك لا یە لا یەت نەبێت ،
دێتەوە سوێ ،
خەم و ئێش و ئازارەکەم ،
داروو بەردی ئەم جیهانەش
دێتە لەرزە ،
لە دەنگی زارو ناڵەکەم
بۆ بە دیقەت دەڕوانیتە
قژو سمێڵی بەفرینم
ژینی هەمیشە زستانم
وایلێکردوون ،
بۆ ناڕوانی

لە باوەشی گەرمی تۆدا ،
هەمان کۆرپەی شیرە خۆرەو
هەمان منداڵە هارەکەم ؟

## شینی با

بەیانیت باش
بێدەنگی بۆ ؟
گوێت لێنییە
لە شینی با
زیڕەی ئاسمان
لە هاژەی بەفر
فرمێسکی هەور
دارو گەڵا و باڵندەکان
کەوتوونەتە شین و ڕۆڕۆ
منیش وەکو شەختەی سەر ئاوو
چاوو دەست و مێشك و لێوم
بەستوویانە
ناکرێنەوە
ئەگەر بێت و لێیان نەدات
تیشکی چاوو و
گڕی گەرمی
هەناسەی تۆی بە تینو تاوو .

# تۆ پەرستی

ئەم کاتەت شاد
ئەی سەرچاووەی خۆشەویستی
ناسکترین درووستکەردەی
دەستی هەستی ،
لەو ڕۆژەوە ویستی گەردوون
تۆی فریشتەی هێنایە ڕێم
وازم هێنا لە ئاگرو تیشك
پەرستی .

# پەڕی گوڵ

بەیانیت باش
ئەی ناسکتر لە پەڕی گوڵ
ئەی نەمامی تازە روواو
ئەی ویستی دڵ
هەر چۆنێك بیت
لە هەر جێگاو
هەر شوێنێك بیت
خۆشتم دەوێ
تا ئەو رۆژەی
دەچمە ژێر گڵ .

# فرمێسکی شادی

فرمێسکی شادی
چاووانت
کە داچۆڕان
وەك ئەستێرەی
نیوە شەوان ،
سەدها هەزار
کانیاوی
بە چیمەنتۆ
داخراوی
کوردستانی تەقاندەوە
لە چاومداو
خستەوە کار
سەرچاووەی گرت
لێیانەوە

هەزار جۆگاو
هەزار روبار .
دڵۆپێکی
ئەو فرمێسکە
گیرخواردووەی
نێوان چاوو و
دەشتی گونات
هێندە جوانە
توانی مێشکم
وا لێبکات
بڵێم راست و ماف بە دەستە
ئەو شاعیرەی کە دەنووسی
لەسەر باسی
جوانی شەونم
کە دەوەستێت
لە رووی گۆنای
شکۆفەکان
دەمەو بەیان

ئەو شاعیرەی
خاڵی سەر رووی
دڵدارەکەی
لا جوانترە
لە رووی مانگی
چواردەی ئاسمان .
یا شاعیرێك
سەرگەردان بێت
وەك ئێستای من
لە نێو دەریای
فەرهەنگەکان
وێڵم بە شوێن
ووشەیەکدا
کە شایان بێت
باسی جوانی
تۆی پێبکرێت
ئەوە نەبێت
کەوا بڵێم

مرواریدی دەرپەڕیوی
کانیاوی چاووەکانت
زۆر جوانترە
لەوەی کەوا
تاکو ئێستا باسکراوە
لە دیوانی شاعیرەکان
لەو رۆژەوە
کەوا شاعیر
توانیویەتی
لە جوان ناسین
ببێتە
شێری گۆڕەپان
لەوە رۆژەوە
شای پەریەکان
دەم بە گریان
سکاڵای برد
بۆ خوداوەند
داوای لێکرد

کە دایخات
دەرگای وحی
لە رووی هەموو شاعیرەکان
چونکە هێندە بلیمەتن
لە وەسپ و باسی جوانیدا
وا هەست دەکەن
ئەوەی خودا
بەخشیویەتی بە دڵبەرو
یارەکانیان
نەیبەخشیبێت
نە بە ئەوو
نە پەریەکان .
لەو رۆژەوە کەوا شیعر
بوو بە پیشەی خوداوەندان
خۆی رژاندە
نێو لاپەڕەی
گشت کتێبە ئاسمانیەکان .
بوو بە وێردی سەر زمانی

پێغەمبەران ،
بۆیە دانی پێدا دەنێم ،
کە ناتوانم ،
باسی جوانیت بگێڕمەوە ،
نە بە نووسین ،
نە بە ووشەی سەر زمانم .

# بڕیار

بڕیارت دا ،
بڕۆیت ،
بڕۆ ،
منیش وەك تۆ
بڕیارم دا ،
ئیتر هەرگیز
نەگریم بۆت ،
نەکەم شیوەن
نەکەم رۆڕۆ .
کانیاوی چاووەکانم
ووشك کەم
داخەم ،
وەك ئەوانەی
سەر خاکەکەم ،

پاككەمەوە
بیری مێشکم ،
لە نێوی تۆ ،
بڕیارم دا
نە خەم بخۆم ،
نە بهێڵم کە ئیتر خەم
خوێنی دڵم بخواتەوە .
بڕیارم دا ،
ئیتر هەرگیز
ڕێگا نەدەم
کە خەیاڵت بمباتەوە .
بڕیارم دا ،
هەرگیز بە شەو ،
ریگا نەدەم
کە بێیتە خەو .
لە سنووری
نێوان مێشکی
دوێنی و ئەمڕۆم

دیوارێکی
نوك لە ئاسمان ،
دروست بکەم ،
تاکو هەرگیز
یادت نەکەم .
بڕیارم دا ،
لێوەکانم ،
بە تەڵی سیمی دڕکاوی
بدوورمەوە ،
تاکو هەرگیز
نێوت نەبەم .
بارێك لۆکە
بتەپێنم لە گوێکانم ،
تا نەژنەوم ووشەکانت ،
فریو نەخوات
تاکو مێشکم ،
بە ئەفسونی ووتەکانت .
هەستی بۆنیش

بفەوتێنم ،
تا مەست نەبم
بە بۆنی وەك
گوڵە باخ و ئەرخەوانت .
بڕیارم دا ،
دەرگایەکی
وەکو دەرگای زیندانەکان
لەسەر دەرگای سیپەڵاکم
دامەزرێنم ،
ڕێگا نەدەم لە نەبوونت
ڕێگا بدەن
بە ئاخ کێشان .
پەردەیەکیش
داکشێنم
لە دەوری دڵ ،
تاکو هەرگیز لە نەبوونت ،
نەکەوێتە
جۆش و خرۆش ،

ترپەو لێدان .
بڕیارت دا ،
بڕۆیت ، بڕۆ
بڕیارم دا ،
بڕۆم ، دەڕۆم
بەرەو دونیای فریشتەکان
بەرەو دونیای راست پەرستی
جیهانی دوور
لە جیهانی ،
درۆزن و ئەهریمەنان .

# لە چاووەڕوانی دڵێکی نوێدا

وا دووساڵە

لە چاووەڕوانی دڵێکدام

کە جێگری

ئەم دڵە وێرانەی ئێستام بێ

ووریای خۆت بە

نازدارەکەم ،

دەڵێن کاتی زۆری دەوێ

دڵی تازە

تاکو لەگەڵ مێشکدا رابێ

وەکو ئەسپی سەرکەش وایە

دەبێ رام بێ ،

زۆر بە نازە ،

لە شێوەی دڵی منداڵە

هەمیشە لە گڕوگاڵە ،

خۆشەویستیت ،
هەموو گۆشەو کەنارێکی
ئەم دڵەی ئێستای پۆشیوە
نەکەی تاکو تاقە تەڵێک
لە شایانت بقرتێنی
ئەگەر وابووی ،
خووانەکەران ،
دڵە نوێکەم دەڕەنجێنی ،
ئێستا عیشقی نزیک بوونت
دەیسووتێنیٚ ،
ئەوجا خەم و دەردی دووریت ،
ئەویش وەکو ئەمەی ئێستا
دەوەستێنیٚ .

# فرمێسکی شادی

فرمێسکی شادی
چاووانت
کە داچۆڕان
وەک ئەستێرەی
نیوە شەوان ،
سەدها هەزار
کانیاوی
بە چیمەنتۆ
داخراوی
کوردستانی تەقاندەوە
لە چاومداو
خستەوە کار
سەرچاووەی گرت
لێیانەوە

هەزار جۆگاو
هەزار روبار .
دڵۆپێکی
ئەو فرمێسکە
گیرخواردووەی
نێوان چاوو و
دەشتی گونات
هێندە جوانە
توانی مێشکم
وا لێبکات
بڵێم راست و ماف بە دەستە
ئەو شاعیرەی کە دەنووسی
لەسەر باسی
جوانی شەونم
کە دەوەستێت
لە رووی گۆنای
شکۆفەکان
دەمەو بەیان

ئەو شاعیرەی
خاڵی سەر رووی
دڵدارەکەی
لا جوانترە
لە رووی مانگی
چواردەی ئاسمان .
یا شاعیرێك
سەرگەردان بێت
وەك ئێستای من
لە نێو دەریای
فەرهەنگەکان
وێڵ بێت بە شوێن
ووشەیەکدا
کە شایان بێت
باسی جوانی
تۆی پێبکرێت
ئەوە نەبێت
کەوا بڵێم

مرواریدی دەرپەڕیوی
کانیاوی چاووەکانت
زۆر جوانترە
لەوەی کەوا
تاکو ئێستا باسکراوە
لە دیوانی شاعیرەکان
لەو رۆژەوە
کەوا شاعیر
توانیویەتی
لە جوان ناسین
ببێتە
شێری گۆڕەپان
لەوە رۆژەوە
شای پەریەکان
دەم بە گریان
سکاڵای برد
بۆ خوداوەند
داوای لێکرد

کە دایبخات
دەرگای وحی
لە رووی هەموو شاعیرەکان
چونکە هێندە بلیمەتن
لە وەسپ و باسی جوانیدا
وا هەست دەکەن
ئەوەی خودا
بەخشیویەتی بە دڵبەرو
یارەکانیان
نەیبەخشیبێت
نە بە ئەوو
نە پەریەکان .
لەو رۆژەوە کەوا شیعر
بوو بە پیشەی خوداوەندان
خۆی رژاندە
نێو لاپەڕەی
گشت کتێبە ئاسمانیەکان .

# پەپوولەکەم

بەیانیت باش
ئەی پەپوولە ناسکۆڵەکەی ،
باخی ژیان ،
هەستە لە خەو ،
تا تۆ چاووت هەڵنەهێنی
هەڵناکشێ ،
تاریکە شەو ،
داناکشێ ،
تیشکی رۆژ و ،
نایەتە گوێ ،
موژدەی شادی ،
دەمەو بەیان .

# بۆنی تۆ

بەیانیت باش ،
ئەی ئەو کەسەی ،
گوڵەکانی ،
باخچەکانی ،
هەموو جیهان ،
ئاهی حەسرەت هەڵدەکێشن ،
لە کاتێکدا ،
بۆنی تۆیان ،
بێتە بەر لووت ،
وێنەی تۆیان ،
بێتە چاووان .

# پەپوولەی باخی ئیرەم

بەیانیت باش ،
پەپوولەکەی باخی ئیرەم
جوانتر لەو گوڵەی ،
بۆ بۆن کردنی ،
لەسەر سینەیدا ،
دەنشێیتەوە ،
جوانتر لە گڕی گەرمی
ئەو شەمەی ،
بۆ ماچ کردنی ،
بە چواردەوریدا ،
دوسوڕێیتەوە ،
سینەم بە تاسەی ،
نیشتنەوەیەکتە ،
وەرە سەر سینەم ،

لێوم ئارەزووی لێو مژینێکتە ،
دڵیش بریندار ،
خەمی دووریتە ،
وەرە سارێژکە ،
زوو ئەو برینەم .

# بەڵێنی ماچ

زۆر لە مێژدا چاووەڕوانم ،
بۆ ئەو ماچەی ،
بەڵێنت دا ،
لەسەر گۆنام ،
گوێم لە دەنگی ،
ماچی هەموو عاشقان بوو ،
بە دەیان جار ،
نە یەك و دوو ،
هەر نەگەیشت ،
ماچەکەی تۆ ،
نازانم بۆ ،
لە مێشکمدا ، پرسیارێکە ،
بە بێ وڵام ،
ئەوەی سەیرە ،
وەك فەرمووتان ،

نە تەنیا هەر بۆ چرکەیەك ،

چاووم داخەم ،

هێندەم نوقان ،

چوومە خەو و

لە خەویشدا ،

نە ، هاتیە لام ،

نە راپەڕیم ،

بە دەنگی ماچی ،

سەرگۆنام .

# بێ وەفایی

کـزەی با بوویت ،
یا خود ، شنەی ،
نەرمی شەماڵ ،
هەڵهاتبووی لە رەشە با ،
سینەی منت پەیدا کـردوو
کـردت بە ماڵ ،
کـۆتـرێـك بوویت ،
لانە رووخاو ،
بێکەس ،
ئاوارەو دەربەدەر ،
هەڵهاتبووی ،
لە تفەنگی دەستی راوکەر ،
نێوی منت کـرد
بە قەڵغان ،

کرد بە سەنگەر ،
بوونت نەبوو ،
وەکو ئاووی دەریای خەیاڵ ،
درەختێك بوویت ،
رووت و قووت و
بێ گەڵا و بەر ،
بەڵام کاتێك ،
لە ژێر سایەی
گەرمی مندا ،
گەڵات گرت و
هاتیتە دەر ،
بوویت بە ئاوی راستەقینە ،
ئارامیان گرت ،
ترس و خەتەر ،
رەشە با مرد ،
تفەنگی کرد
بە سەر شاندا ،
کابرای راوکەر ،

یاسای وەفاو مرۆڤانیت ،
خستە پشت گوێ ،
گەڕایتەوە ،
بۆ ئەوەی بووی ،
بارو دۆخێ ،
کە دەروونتی
هێنایە سوێ .

# سوجدە ـ1 ـ

**[بۆ بڤە]**

لە سوجدەدا ،
کە نوێژ دەکەم ،
تاقی قیبلەی بەرماڵەکەم ،
دەبێت بە ئەبرۆی
چاووی تۆ ،
نێوی هەموو پێغەمبەرو
فریشتەکان ،
دەگۆڕدرێن ،
هەموو دەبن ،
بە ناووی تۆ ،
لە تکادا ، لە خوداوەند ،
تەماح کارم ،
بۆ پاشە رۆژ لە بەهەشتدا ،
نا ، یەك حۆری ،

بەڵکو بە تەمای هەزارم ،
کە شێوەیان دێنمە یاد ،
چاوویان گەشە ،
وەك دوو چاووانی کاڵی تۆ ،
لێوەکانیان ،
کت و متن ،
لەگەڵ لێوانی
ئاڵی تۆ ،
قژ ، هەر دەڵێی ،
ئەوەی تۆیەو ،
لەسەر ئەوان دانراوە ،
ئەوەی سەیرە ،
نێوی تۆشیان ،
لە سەر سینە نووسراوە ،

# سوجدە ـ 2 ـ

خەم ناخۆم و ناپەشۆکێم ،
لە کاتێکدا کە وون بێت لێم ،
دەڕوانمە ئەستێرەکان ،
مانگ و هەتاو لە ئاسماندا ،
تاکە تاکی فریشتەکان ،
سەریان بۆ کام لا سووڕابێ ،
تۆ لەوێدای ،
بۆ نازانی لە زەمیندا ،
جێ نشینی خودای یەکتای .

# دڵ و چاووی من

کە پێت دەڵێم ،
دڵی منی ،
چونکە بێت و
بوون و نەبوونم وەك
یەك وان ،
پەیکەریکم ،
بێ روح و گیان ،
لەوانەیان دەیچەقێنن ،
لە گۆرەپانی شارەکان ،
بۆ شاعرێك ، بۆ نووسەرێك ،
یا مرۆڤێك لە نێوداران ،
کە پێت دەڵێم ،
چاووی منی ،
جوانی سروشت ،

لە جوانی تۆدا دەبینم ،

کە تۆم نەبی ،

رەش و تاریک ،

بێ رووناکی و

تاڵە ژینم .

# یادی تۆ

لە کاتێکدا ،
لەگەڵ بانگی بەیانیدا ،
چاووەکانم دەکەمەوە ،
یەکەمین یاد ، یادی تۆیە ،
دێتەوە یاد ،
کە شەو دادێت ،
دووا پورکەی چاوو ،
بە یادی تۆ دەپورکێنم ،
بە نێوی تۆ ،
بە خۆم دەڵێم ،
شەوێکی شاد .

# لە کوێی ؟

لە کوێی ؟ وا مانگ ،
لە دووری تۆ ،
پەریشان و سەرگەردانە ،
لە ئاسماندا ،
چاووی هەتاو ،
فرمێسکی خوێن دەبارێنێ ،
رەنگی زەردە ،
دەڵێی گەڵای پاییزانە ،
بەسەر چڵی دارەکاندا .
فریشتەکان لە دووری تۆ ،
بە رۆژ و شەو ،
چاوو لە رێن و
تۆسقاڵێکیش ،
ناچنە خەو .
چۆلەکەکان ،
بەرامبەری پەنجەرەکەت ،

راوێستاوون ،
بێ چریکەو لە ماتەمدان ،
گوڵاڵەکان ،
گشت ژاکاوون ،
ئەستێرەکان ، بی تروسکە ،
شەپۆڵەکان ،
لە کەناری رووبارەکاندا ،
ماساوون .
باس لە منی شەیدا مەکە ،
خوێن لە دڵدا ،
بیر لە مێشکدا ،
فرمێسکەکان لە چاوومدا ،
هەناسەکان لە سینەمدا ،
قەتیس ماوون .
خۆت بنوێنە تاکو زووە ،
بێمانایە بێ تۆ ژیان ،
شانۆیەکی خەماوییە ،
بێ تۆ جیهان .

# جوانی و راستی !

یەکەم جارە ،
کە جوانێکی بە بێ وێنە ،
ووشەی راستی ،
دەرچێت لە دەم ،
کە لێم پرسی ،
بەم بەهارە ،
خەریکی چیت ،
لەم گوڵزارە ؟
گوتی گوڵان ،
فێری عشق و
دڵڕفێنی و
عیشوە دەکەم ،
بولبول فێری لاوانەوە ،
بۆ مەرگی گوڵ ،
پەپوولەکان فێری ماتەم ،
بۆ بە ئاگر خۆکوژی شەم ،

باوەڕم کرد
بە بێ ئەوەی کە پێی بڵێم ،
لەو کاتەوە هاتە سەر ڕێم ،
هێزی مێشکی ،
لە سەر پەڕاند ،
دڵمی لە سینە ،
هەڵفڕاند ،
هێندە نازو عیشوەی
نواند ،
دیوانە بووم ،
لە بیرم کرد ،
من چیم و کێم ،
لەگەڵ بانگی بەیانیدا ،
وەکو بولبول ،
بۆی بە ناڵەو بە گریانم ،
کە شەو دادێت ،
بۆی دەسووتێ ،
لە سەر ، تاکو پێیەکانم .

# شای مەستان

دەروێش ،
زەردەی لێوی شێخی
مەستی دەکا ،
مەی نۆش ،
بادەی دەستی ساقی
دڵخۆش ، شەرخۆش ،
بە بێ هوش و هەستی دەکا ،
بەڵام منی جیاواز لە خەڵك ،
کاتێك دەبم بە شای مەستان ،
کە یار نەرمە ،
پورکەی چاووم ،
پیشان دەدا ،
کاتێك قژی بە با دەدا
نەرم ، نەرم ،
لە نێو دەستان .

# بیرت دەکەم

بیرت دەکەم ،
بە رۆژ و شەو ،
لە کاتێکدا کە هۆشیارم ،
یا مەستی خەو ،
لە کاتێکدا ،کە دڵ شادە ،
سەر رووم پڕە لە پێکەنین ،
کە خەمبارم ،
کە بێزارم ،
لە کاتێکدا دەناڵێنم ،
لە تاووی ئێش و ئازارم ،
کە دەنووسم ،
ووشەی هەموو لاپەڕەکان ،
دەبن بە تۆ ،
کە دەخوێنم ،

دێڕ لە دوای دێڕ ،
نووسینەکان ،
دەبن بە تۆ ،
بیرت دەکەم ،
تا جوولەی بێت ،
خوێن لە دڵدا ،
هەست لە مێشك و لە هەناووم ،
تا ووشك دەبێت ،
بە خاکی گۆڕ ،
فرمێسکی پیاڵەی چاووانم ،
تا هەناسە هەڵدەمژن ،
لە سینەدا ، سییەکانم ،
تاکو ووشە ،
دەچەرخێنیٚ ،
لە نێو دەممدا زمانم ،
لە راستیدا ،
تا لە ژیندایە ، ژیانم .

# خۆکوژی هەتاو

خۆشم دەوێی ،
ئەی کە هەتاو
بۆ دیتنی چاووەکانت ،
بەیانیان ، چاوو هەڵدێنیٚ ،
بەرامبەرت ، رادەوێستیٚ ،
لە جوانیت ، جوانی دەرفێنیٚ ،
کە شەو دادێت ،
خەمی دووریت ،
وای لێدەکات ،
چەقی ئاسمان ،
جیٚ بهێڵێت ،
لە دەریای رەشی رۆژ ئاوا ،
خۆی نوقم کاو بخنکێنیٚ .

# نیگای چاووت

بلّێی هەبێ ،
گیان لەبەرێ ،
بە دیتنی ئەو چاووانەت ،
دلّی سینەی نەدۆڕێنێ ،
هۆشی لە مێشك دەرنەپەڕێ ،
بلّێی هەبێ ،
خوا نەناسێ ،
بە دیتنی ئەو نیگایەت ،
لە هونەری خوا بەولاوە ،
گوێ بگرێتە ، دەنگ و باسێ .
بلّێی هەبێ ،
خودا ناسێ ،
بە دیتنی نیگای چاووت ،
پەیکەریکت بۆ نەتاشێ ،

لە نێو کعبەی ،
دڵ و دەروون ،
ئەو پەیکەرەت ،
هەڵنەواسیٚ ،
بۆ پەرستن ،
جگە لە تۆ ،
نازدارێکی تر بناسیٚ ،
لە بەرامبەر ئەو نیگایەت ،
بڵێی هەبێت ،
وەکو فرعەون
بۆ بردنەوەی مەرج و گرەو ،
لە موسای دژ
دەم بە نزاو پاڕانەوە ،
لە خوای ئاسمان ،
بە نهێنی ،
شەو تاوەکو دەمەو بەیان ،
خۆی بە ریشدا هەڵنەواسیٚ ؟

# ئاسکۆڵەکەی باخی بەهەشت

بەیانیت باش
ئاسکۆڵەکەی باخی بەهەشت
ئەی بێوێنە لە جووانیدا
لە چیاو دەشت ،
رەویێک بکە بەرەو باخی
سەر سینەی من
دڵی دیلی نێو باوەشی
سست و خاوەو
ترپەکانی
دابەزیوە بۆ چل و هەشت .

# دەڵێی خودای

بیرت دەکەم
لە بیرمدای ،
گونا ه نەبێت دەڵێی خودای
بۆ هەموو خەڵك ئەو پەنایە
بەڵام بۆ من هەرتۆ پەنای
تۆ ئومیدی ،
تۆ ئارەزووی ،
تۆ تەمەنایی و تۆ هیوای ،
دەزانی بۆ ؟
باوەڕ بکە چونکە جودای
مرۆڤێکی زۆر بێ ریای ،
زۆ ریزداری
هەست ناسکی
زۆر بە نرخ و زۆر پڕ بەهای .

# دوو رووبار

چرکە بە چرکەو
سات بەسات
کە کات دێت و کە کات دەڕوات
خۆشەویستیت لە دڵمدا
گەورە دەبێت و زیاد دەکات ،
خۆشییەکی ئێجگار زۆرە
ئازارێکی بێئەندازە ،
سەر سوورماووم
ئەم دوو بارە ،
بۆ کوێم دەبەن ،
دوو رووباری لە یەك جوودان ،
لە ئاکامدا کام لایەنیان
قووتم دەدەن ،
ئایا عیشق و خۆشەویستیت
دەمکات بە شای دڵدارانی

رووی گۆی زەمین ،
یا دەمکاتە دیوانەیەك
پیٚ بە زنجیر ،
دەم بە گریان ،
پیاڵەی چاووم بۆ هەمیشە ،
پڕ لە فرمێسکی ئاگرین .

# دووا هەناسە

خۆشتم دەوێ
تا دوای ئەوەش
ئاووی جیهان
ووشك بكات و
بقلیشێت
رووی گۆی زەمین
وەکو ئەوەی لێوەکانت ،
تا چرکەیەك لێکدەئاڵکێن
خۆرو مانگ و
ئەستێرەکان ،
وەکو تەڵی قژی خاووت ،
تا ئەوکاتەی دارو بەردی
ئەم جیهانە
گڕ بگرێت و رەش وەرگەڕێت
وەکو رەشی

هەردوو چاووت ،
دڵنیابە ،
دووا هەناسەش هەڵیکێشم
بەر لە مردن ،
بۆنی تۆیە
دووا ووشەیش
بێتە زمانم
بەر لەو دەمەی کە دەرچێت
لە گییان ،گییانم ،
نێوی تۆیە
بێگومانم .

# گرژی دەم وچاوو

لەکاتێکدا دەم و چاووت
کەگرژ هەڵدێن ،
وا هەست دەکەم کەگووڵەکان
گشت دەوەرێن ،
تۆ هەست ناکەیت ،
بەڵام بۆ من ،
خۆشی و شادی
دەبن بە مەل و دەفڕێن .

# گڕی دۆزەخ

ئەم کاتەت شاد
پەپوولەکەی باخچەی ژیان
گڕی دۆزەخ لە دەروونداا
هەڵگیرساوە ،
شێتی کردووم ،
دێوانەو وێڵ و سەرگەردان ،
دانامرکێ ، مەگەر ، ئیلا
بە گازێکی سەر سینەت و
بە مژێکی بادەی لێوان .

# کە ڕۆیشتی

تۆ ڕۆیشتی و دیسانەوە
دڵی تەنیام
گەڕایەوە سەر باری خۆی
دیسانەوە کەوتە مەلە
لە دەریای خەم
دیسانەوە کەوتەوە کار
بۆ لێدانی میلۆدیەکەی
پەنجا ساڵەی
شین و ماتەم ،
دیسانەوە دەریای فرمێسك
کەوتە شەپۆڵ
بەرەو پیاڵەی چاووەکانم ،
دیسانەوە دیوارێکی
بەرزو درێژ هەڵچنرا

لە چووار دەورم
بە مژوو تەم ،
دیسانەوە کەوتنە لەرزە
لە بێ تۆیی ، لێوەکانم
دیسانەوە دڵی سینەم
پەنای بردە بەر تاریکی
دیسانەوە کەوتە ناڵەو
کەوتە رۆڕۆی ،
ماف بە دەستە دەزانی بۆ ؟
مایەی شادی تەنیا هەر تۆی ،
زوو وەرەوە
بۆی بگۆڕە نۆتەکانی میلۆدییەکەی
بە پیکەنین ،
رووباری خەم
بە فرمێسکی شادی و ئەڤین
دیواری تەم برۆخێنە ،
بە نیگای تیشکی چاووانت ،
لەرزەی لیوان راوەستێنە

به ماچی گەرمی لێوانت
زوو وەرەوە
کونجی تاریك
وا خەریکە دەمخنکێنیٚ
بەبیٚ جوولەو بە بیٚ بزوەم ،
ئەگەر گڕی ،
تیشکی نیگای ،
گەرمت نەبیٚ
ئەگەر خەوی
نێو باوەشی نەرمت نەبیٚ
مێشکی ماندووم
سەر خەوێکی
زۆر ئارامی تێبشکێنیٚ
هێزێك نییە دڵی مردووم
جارێکی تر ببزوێنیٚ .

# گۆچانی دەستم

بەیانیت باشتر ،
گۆچانی دەستم
سۆمای دوو چاووم
خۆشکەری دڵم
فێنك کەرەوەی
گڕی هەناووم
شنەی شەماڵی چلەی هاوینم
لە زستانی سارد
گڕو هەتاووم
عیشقت بە جۆرێ
داگیری کردووم
لەگەڵما دەبێ
تاوەکو ماووم .

# وڵام

لە کاتێکدا لەگەڵمدای
کپم ، ئارام ،
دەڵێی دەریای شەپۆڵ نشتووم
لە ئێواران ،
دەڵێی دەشتم ،
دەشتی کپی بێگەردەلوول ،
بێ باو باران ،
نەرمم دەڵێی
لم وخۆڵم ،
بەڵام کاتێک کە دووری لێم
وەك شەپۆڵم ،
شەرشێت و هار
ساتێك بەرەو بنی دەریا

هێرش دەبەم ،
ساتێك کەنار ،
ئۆقرە ناگرم
دەڵێی گڕم
هەڵدەکشێم بە ئاسماندا
بە راست و چەپ
ژوورو خوواردا ،
لە ئاکامدا ،
نەرم نەرم ،
دادەمرکێم
دەپەشۆکێم
بۆ وا دەدەکەم
چیمەو من کێم
بۆچی وەك شەم
بە گڕی خۆم ،
خۆم دەخۆم و
دبرژێم و خۆم دەسووتێم ،
بۆ وەکو ئاوو

دەکوولێم و دەبم بە هەڵم
روو بەرەوە باڵا دەفڕێم
پاش ماوەیەك سارد دەبمەوەو
بەرەو زەمین دادەچۆڕێم ،
دەبمە پرسیار
بە شوێن وڵامدا دەگەڕێم ،
بڵێی لە تۆی تیشکی نیگای
چاووانت بێ ،
بە دیتنت دەستم کەوێ ،
بڵێی لە سەر ،
نووکی پەنجەی دەستانت بێ ،
گەر بیخەیتە نێو قژەکەم ،
دڵ بسرەوێ ،
بڵێی وڵام وەکو راوکەر
خۆی مات دابێ
لە نێوانی لێوانتدا ،
بە مژینێك راگوێزرێت
بۆ لێوانم ،

یا دەرمانی خەمەکانم ،چرپەیەکە ،
تامەزرۆییم ،
بە ووشەیەك کە بیخوێنی
لە گوێکانم
ووشەیەکە ،
بێ دوو دڵێ
وەردەچەرخێنی ژیانم .
بەو ووشەوە بەستراوە ،
لە ژیندا مان و نەمانم .

# مانگ و هەتاو

گەر من مانگ بم ،
تۆی هەتاووم ،
گەر تۆم نەبی ،
بەردێکی رەش و سووتاووم ،
پێکەنینێک یا زەردەیەک
هاتووەتە رووم ،
لە ئاکامی تیشکی گەرمی
نیگای تۆیە ،
ئەوەم نەبێ
هەر وەکو جاری جارانم ،
دەبنە کانی خوێن و فرمێسک
دوو پییاڵەی هەردوو چاووانم .

# مەشخەڵی شەو

بەیانیت باش
بای فێنکی هاوینانم
مەشخەڵی شەو
گڕی گەرمی زمستانم
دڵم تەنگە
لەشم ساردە
تینوویانە لێوەکانم
فریامکەوە
نیگایەکی چاووەکانت
دەڕەوێنن خەمەکانم .

# هاودەمی ئاگر پەرستان

لە بیرتدا ،
مەلەوانیم ،
کارو پیشەی شەوو رۆژە
کە شەو دادێ و
هەتاووی رووت
لە چاوومدا ،
بزردەبێت
کۆڵەباری خەمی دووریت
پشتی راستم دەنوشتێنی
وەکو کەوان
پەردەی تاریك
دەم و چاووم دادەپۆشی
رەش دەچەرخێ
رووی رووناکم
وەکو هەوری رەشی ئاسمان

بیری ئەوەی کات تێپەڕێ
بە ئارەزووی هەڵهاتنت
دەبمە هاوڕێی گوڵ بەڕۆژەو
باڵندەی عیشق ،
هاونشینی خێڵی مەستان ،
بە ئارەزووی دیتنی رووت
هاودەمی ئاگر پەرستان .

# چەند درێژە شەو

چەند درێژە شەو
چەند دوورە بیری
ئەوەی کە چاووم
بۆ چرکەیەکیش ،
خۆی بسپێرێتە
دەستی سوپای خەو ،
دەنگی رەشەبا ،
لەرزەی خستووەتە
پەنجەرەو دەرگا
بەڵام لە سینەم ،
شنەی نەماوە
توسقاڵێکیش با ،
خڕەی سینەم و
بەردی رووباری

ڕێبەست لە لافاو
وەك یەك دێنە گوێم
هێشتا ئازارێك ،
جێی نەهێڵاوم ،
خوولەك بە خوولەك
لە چاووەڕوانی دانەیەکی نوێم ،
هەزاران خۆزگە
بە کۆت و زنجیر
لەوان سەختترە
ئەوەی ئاڵاوە لەم ڕۆژانەدا
لە دەست و لەپێم
لە پەروەردگار دەپاڕێمەوە
پاڕانەوەکەم جێ بە جێ دەبێ
خەمێ لادەچێت
هەزار دێتە ڕێم .

# جوانترین تابلۆ

خۆشم دەوێیت ،
تا دڵۆپێك ، لە دەریادا ،
ئاوو چۆڕەی بێت ،
شاعیرێکی دەروون سووتاو ،
تا دەنگیناڵەی هۆرەی بێت ،
تا گوڵ مابێت ، لە سەر چڵدا ،
تاکو رۆژێك ، درِك برِوێت
لە گرد گوڵدا ،
تا ئاوازی شمشاڵ مابێت ،
تا چرپەی شەوی دڵداران ،
تا گریانی منداڵ مابێت ،
تا لایە لایەی دایکەکان ،
تاکو رۆژێك کە چیاکان ،
وەکو بەفری لوتکەکانیان ،

لە بن تیشکی گەرمی هەتاوو ،
دەبن بە ئاوو ،
تاکو هەتاوو ،
لە دەریادا نوقم دەبێت ،
دەیکوڵێنی و دەیکا بە هوڵم ،
دەڕوا بەرەو بنی ئاسمان ،
تا ئاسمان و زەوی و
هەموو ،
ئەستێرەکان ،
دەدەن لە یەك ،
زۆر بە کورتی ، دواییی زەمان ،
خۆشتم دەوێ ،
ئەی جوانترین تابلۆی خودای ،
هەردوو جیهان ،

# پەنا بۆ یادی رابووردوو

لە کاتێکدا تاقی تەنیام ،
دڵ پڕ لە خەم ،
لە کاتێکدا نەرم ، نەرم ،
دێم و دەڕۆم و رێ دەکەم ،
لە کاتێکدا مێشک ئاڵۆزو ،
گرفتاریم ، وەك بارانە ،
پەنا بۆ یادی رابووردوو ،
بۆ رۆژانێ ،
تۆ بوویت ،
دەبەم .

# گڕی چاووت

گڕی چاووت
دەڵێی ئاگری نەورۆزە
سوجدە بردن ، بۆیە بۆ تۆ ،
لای من ئەرکێکی پیرۆزە ،
بڵێی رۆژی گڕی چاووت ،
وەک گڕی ئەو ،
بێت بە رێباز ،
بۆ ئەم گەلەو
بۆ ئەم هۆزە ،
دڵ پڕ سۆزە .

# خونچە

تۆ خۆت خونچەی
نازدارەکەم ،
خونچەکانی وەرزی بەهار ،
لە حەسرەتی جوانی تۆدا ،
دەقلیشێن ،
دەبن بە گوڵ ،
کە ناتوانن ،
ببن بو تۆ ،
لە داخاندا ،
خۆ راناگرن لە دەوری چڵ ،
دەوەرێن و
دەبن بە گڵ .

# شاگوڵ

بەیانیت باش ،
هەستە لە خەو ،
گوڵا ن هەموو چاووەڕوانی ،
شاگوڵیانن ، هەڵبێنێت چاوو ،
هەوریش مەستی نیگای تۆیە ،
لە بەنددایە هێشتا هەتاوو ،
لێوەکانی تینووی منیش ،
بۆ ریزە ماچی خاڵانت ،
بۆ مژینی لێوەکانت ،
گوێ ئامادەی فەرمانێکن ،
نایەتە دی ،
مەگەر بە پوورکەی چاووانت .

# کەشتی نوح

له دووریتدا ،
توسقالێکیش ،
کورته خەوێک ،
نایەتە پیاڵەی دوو چاووم ،
دەڵێی کەوا ،
کەشتی نوحم ،
تەنیا لە خەم ،
بارکراووم .

# قلیشی لێو

لە کاتێکدا کە دەبینم ،
لێوەکانت ، قلیشاوە ،
وێنەی گوڵم ،
دێتە بەر چاوو ،
بۆ ماچێکی لێوی بولبول
لە قەفەسدا ،
هەموو لەشی دادڕاوە .

# گێژەنە

لە کاتێکدا لە گەڵتدام ،
کشم ، ئارام ،
وەکو دەریای ئێوارانم ،
لە کاتێکدا کە دوورم لێت ،
وەك گەردە لول ،
لە دەشتێکی ،
چۆڵ و هۆڵم ،
وەك گێژەنەی شێتی دەریام ،
وەك شەپۆڵم .

# لە پێناوی ماچێکدا

دەڵێن کاتێک کەوا شەپۆل ،
کۆشش دەکات ،
هێرش بەرەو کەنار ببات ،
بۆ ماچێکی لێوانیەتی ،
دەڵێن کاتێک کەوا هەتاو ،
تیشکی گەرمی
بەرەو زەمین دەوەشێنێ ،
روبار کاتێک دادەچۆڕێت ،
بۆ باوەشی دەریا دەڕوات ،
بۆ ماچێکی لێوانیەتی ،
بولبول ، کاتێک ،
لە قەفەسدا دەناڵێنێ ،
لە رووی گوڵی بێدەنگ و مات ،
بۆ ماچێکی لێوانیەتی ،

کە پەپوولە لە دەوری شەم ،
بۆ خۆکوژی پەنا دەبات ،
بۆ ماچێکی لێوانیەتی ،
منی وون بووی سەر لێشێواو ،
لە نێو دەریای دوو چاووانت ،
دەبێ چی بکەم ،
رێم پیشاندە ،
بۆ ماچێکی سەر لێوانت ؟

# جوانترین دروستکردە

له ئەم پەڕی زەمینەوە ،
تا ئەو پەڕی ،
له خووار تا ژوور ،
له ئەو سەری ئاسمانەوە ،
تا ئەم سەری ،
ماڵی هەموو
پەریەکان و فریشتەکان ،
چاوو شینەکان ،
چاوو سەوزەکان ،
چاوو رەشانی
وکو شەوی ،
تاری دەیجوور ،
ئەستێرەکان ،
نزیك و دوور ،

هەموو گەڕام ،
هەزاران جار ،
هاووتایەکی تۆم نەبینی ،
لە جووانیدا ،
ئەی جوانترین
دروستکردەی
پەروەردگار .

# عیشق و لۆمە

لۆمەم دەکەن ،
دەڵێن بۆچی ،
چاوێکی رەش ،
لێویکی سوور ،
قژێکی خاوو ،
کیژێکی لاوو ،
دڵی مردووم
ناخورپێنێ ،
تاوی ئاهێکی ئاگرین ،
فرمێسکێکی گەرمی خوێنین ،
تیری چاوێکی پڕ گرین ،
هەستی ساردم
نابزوێنێ ،
لە دڵەوە ، پێدەکەنم ،

چەند بێئاگان ،

دەورووبەران ،

چەندین ساڵە ،

عیشقی پاکی نازدارێکی

چیا نشین ،

وەك لە دەریای بەفریندا بم ،

دەمێك ، تاوێك ، دەم لەرزێنیّ ،

وەك لە چەرخ و فەلەکدا بم ،

دەمچەرخێنیّ ،

وەك پەپوولە ،

بۆ ماچێکی ئاگری شەم ،

بە گرد خۆیدا ،

دەمسووڕێنیّ

هەر چرکەیەك ،

بە هونەرێك ،

بە نازێك و بە پورکەیەك ،

زەردەیەك ،

رازێك ،

عیشوەیەك ،

لە تەوقی سەر ،

تا نووکی پێ ،

بە ئاگری تازە هەڵبووی ،

دەمسووتێنێ ،

بە ئەفسوونی چاووەکانی ،

بە لەرزەی زەمین هەژێنی ،

لێوەکانی ،

بە مەشخەڵی کۆڵمەکانی ،

لە دەریای بێ بن و پانی ،

ئاگرینی ئەڤینیدا ،

نەرم ، نەرم ،

بە بێدەنگی ،

دەمبرژێنێ .

# بیری تۆ

کە بیری تۆم ، دێتەوە بیر ،
لە بیر دەکەم کە پەك کەوتووم ،
لێکەوتووم ، پیر ،
وەکو مەستان ،
دەکەومە شین و ناڵەو
رۆرۆو گریان ،
مێشك و دڵم دەگۆڕدرێن ،
بەوەی لاوێکی هەرزەکار ،
لە بیر دەکەم مرۆڤێکم ،
تەمەندارو کامڵ و ژیر .

# هەتاوی رووت

کە هەتاووی رووت ئاوابێت ،
تاریکستانە ئەمماڵە ،
هەزار ئەستێرە گەر هەڵبێت
رووناك بوونەوەی مەحاڵە ،
کاتێك تامی هەنگویناوی لێوەکانت ،
دەڕوا لەسەر لێوەکانم ،
تامی هەنگوینی بەهاری ،
وەکو ژاری دووپشك تاڵە ،
کە ئاوازی دەنگی نەرمت ،
نایەت بە بەرگوێکانمدا ،
ئاوازی حوری بەهەشتی ،
گرمەی هەورەو شین و ناڵە .

# کەشتی ئاوات

ئەم کاتەت باش
ئەی جووانتر لە هەتاوی
ئەمڕۆی ئاسمان ،
ئەی ناسکتر لە بەرگی گوڵ ،
ئەی فێنکتر ،
لە بای شەماڵی ئێواران ،
دڵ ئارەزووی دیدارتە ،
چاووم وێڵی نیگای چاووت ،
لێوەکانم ،
تینووی مژی لێوانتن ،
پەنجەکانم خۆ هەڵواسین ،
بە گوریسی ئەڵی قژی
نەرم و خاووت ،
ئارەزووم بوو کەوا ئەمڕۆ ،

کەمێك زۆرتر لە هەمیشە ،
لە نێو دەریای چاووانتدا ،
بکەومە مەلەوانی ،
کەمێك زۆرتر ،
بکەومە یاری کردن ،
لەگەڵ نەرمە شەپۆلانی ،
بەڵام دییارە ،
باو شەپۆلی دەریای ژیان ،
دژ بە کەشتی ئاواتی من
لە جولەدان ،
رێگا نادەن کە بێتە دی ،
ئارەزووەکان ،

# نیگای چاووت

[بۆ بڤە]

پێم نەگووتی ،
نیگای چاووت ریشاندەرە ،
لە تیرو تیشکدا کارایە ،
دڵی سینەم پیرە بەڵام ،
لە ئەزموونی دڵداریدا ،
زۆر ساوایە ،
کارێك نەکەیت ئەو رابەرە ،
بیبات بەرەو دەریای نەمان ،
مەلەوانی لە دەریای خەم ،
لێڵە ژینی و ئاڵۆزی و تەم
بەرەو سووتان ،
گەرچی ئەوەی کە تۆ کردت ،
نامۆ نیە ،
بۆ کردەوەی شا پەریەکان .

# عیشق و کوردایەتی

فرمێسکی شادی چاووانت ،
کانیەکانی کوردستانم ،
دێنێتە چاوو ،
لە خۆشیدا ،
شادی وەکو
بەفری زستان ،
دەبارێتە مێشك و هەناوو ،
بەڵام کاتێك کە ووشکن و
چاك دەزانم کە خەمباری ،
کانیاوە بە چیمەنتۆ
ووشك کراوی ،
کوردستانم دێتە خەیاڵ ،
دەگریم ، دەگریم ،
وەکو ئاسمان ،
لە بەهاردا ،

بۆ ستەمێك لە تۆی دەکەن ،
ستەمکاران ،
بۆ کانیەکان ،
کە ووشك کران ،
بە چیمەنتۆ ،
بە ستەمی کانی کوژان .

# ئاوەنگ

یەك لە ئێمە ،
یا هەردووکمان ،
بە بێ گومان ،
توشی دیاردەی
لە بیرچوون بووین ،
بیناییمان لە دەست داوە ،
هەستیش لە مێشکدا نەماوە ،
دەزانی بۆ ؟
لە بیرت دێت ،
لە شەوێکی بەهاریدا ،
بۆ باخێکی سەر چیا چووین ،
دڵۆپێك ئاوەنگی تەنیا ،
بە ئارامی ، راکشابوو
لە رووی پەڕی گوڵی شەوبۆ ،
گوتم جوانە ،

گوتت کە تۆی ،
کەواتە تۆش
گوڵە شەوبۆی ،
زۆر بە پەلە گوتت کەوا ،
تۆ چڵەکەی ،
منیش گوتم ،
درەختەکەی ،
ئەوجا گوتت ،
گەڵاکانی ،
منیش گوتم ،
تۆ گوڵزاری ،
هێندە جوانی ،
شای گوڵانی ،
جاروباریش ،
هەڵمژینی هەناسەکان ،
نێوبژیکاری نێوان بوون ،
جاروباریش ،

ماچی لێوی گوڵەکان بوون ،
لە ئاکامدا ،
بڕیارمان دا
دیمەنەکەی ،
منیش بینەر ،
تۆ گوڵەکەی ،
منیش چینەر .

# گوڵێکی لە سێدارە دراو

چەند دەمێکە ، لە رووداوێك ،
کە روویداوە لە رووبەڕووم ،
پەشۆکاووم ،
بۆ وڵامی ئەو پرسیارەی
کەوا مێشکی داگیر کردووم ،
زۆر داماووم ،
گوڵە باخێك ،
بە سێدارەی زوڵفی چەپدا ئاوێزانە ،
خودا کۆمەك ،
دەبێ کامیان ئەوی تریان جوانتر بکەن ،
گەر لە گوڵ کوژ جوانتر هەرگیز ،
نەهاتبێتە بەر چاووم.

# کلیسا

وەك کیژۆڵە ناسکەکانی
نێو کلیسا
چاووەڕوانن ، بۆ هاتنەوەی
نەبی عیسا
منی خەڵوەت نشینی غار
بە شەوو رۆژ
دەم بە نزام
خولی زەمین تیژتر بکەیت
زوو بێتەوە ،
وەختە شێت بم ،
پەروەردگار ،
بۆ دیتنی رووی گەشی یار .

# چاووت

تاکو ئەمڕۆ ،
هەرچی باسێك ،
لە جوانی چاووان کرابێ ،
هەرچی شیعرێك بۆ ئەفسون و
تیری چاووان گوترابێ ،
هەر تابلۆیەك ، لە جیهاندا
بۆ چاووی جوان کێشرابێ ،
ناگات بە یەك ،
نیگای چاووت ،
چاووی گەشتر لە هەتاووت .

**ئەم چەند هەڵبەستە (قەسیدەیین) ، بەڵام لە بەر تەنگی پانایی لاپەڕەکان ، دابەشم کردوون .**

## باسی جوانی

[ پێشکەشە بە بقە]

لێم زیز مەبن ناتەوان بم
لە نووسینی باسی جوانی
بە بێ وێنەو بێ هاوتایە
لە نێو خەڵکی دوو جیهانی ،
لە بریتی ئادەم ئەگەر
ئەمی دروست دەکرد خودا
مەلەك سەرجەم کورنۆش بەربوون
تاکو ئیبلیسی شەیتانی ،

ئەگەر مەجنون بمابایەو
فەرهادیش خۆی نەکوشتبا
ئەوا لەیلاو شیرینیشیان
هەردوو دەکرد بە قوربانی ،
لە جیهاندا لە جوانیدا
کیژانی کورد بە نێوبانگن
ئەم سەرقافلەی هەموویانە
لە سۆران و بادینانی ،
حەزم دەکرد کەمێك باسی
قەدوو بالام بکردایە
لە کوێوە دەستی پێبکەم ،
لە قژ یا ئەبرۆی کەوانی ،
چاووی ئەستێرە سوتێنی ،
خونچەی لێوی سوورو ئالی
گەردنی شای پەرییانەی
یاخود کولمی ئەرخەوانی ،
برژانگ دەلێی تیری دەستی
زۆرابی رۆستەمی زالە

واوەیلا یە بەشی کەسێك
چاووی بیکات بە نیشانی ،
باسی حۆری زۆر کراوە ،
لە ئاینی جۆراو جۆردا
وەك و ئەمیان تێدا نیە ،
هیچ کتێبێکی ئاسمانی ،
ئەگەر کافری خوا نەناس
ئەمی بێنی بە بەر چاوودا
یەکسەر باوەڕ بە خوا دێنێ و
دەخوێنێ دوو شایەتمانی ،
کە بە دیقەت دەڕوانمە
لەش و پەیکەری بەفرینی
دەڵێم شوکر کەوا خودا
لەم سەردەمەدا خوڵقانی ،
بهاتایەو لە سەردەمی
بت پەرستی ئەمی دروست کردبایە
هەریەك ئەوی دیکەی دەکوشت
تا ئەم بکات بە یەزدانی ،

خوداوەندا سوپاس بۆ تۆ
ئەمت هێنایە رێگای من
بێبەش نەبووم لە لوتفی تۆ ،
پاش پەنجا ساڵ چاووەڕوانی .

# تۆ و منی پەپوولە

[ پێشکەشە بە بڤە ]

کە دەتزانی لە بەهەشتی دڵی سینەت
پەپوولە بێ جێگاو شوێنە
ئیتر شەمی خۆشەویستیت بۆچی هەڵکرد
لەگەڵ ئەو هەموو بەڵێنە
کە دەتزانی لە دڵتدا خۆشەویستی
ووشەیەکە بە بێ راڤەو بە بێ مانا
ئیتر بۆچی رازانتەوە بەو هەموو
ژێرو زبەرو بەو هەموو بۆرو بزوێنە
خۆشەویستی لای پەپوولەی
شێت و شەیدا جێگای لە مێشکی سەردایە
بەڵام لای تۆ لە نێوانی دڵتدایەو
دڵیش تەنیا ترۆمپەیەك پڕ لە خوێنە
دڵی تۆ دیارە لە سەنگە ،

خەمی دووری نایسووتێنێ و نایشکێنێ
ئەوەی پەپوولە شووشەیە ،
شووشەش ئەگەر هات و شکا ،
ئیتر فاتحای بخوێنە
پەپوولەکەی نێو دەستی تۆ
بۆ پەنجا ساڵ دەرگای دڵی داخرابوو
یەکەم دیدار تێیگەیاندی گەر دەزانی
راگری نیت تەلەسمەکەی مەشکێنە
پەپوولەکە پێی نەگووتی کەس رێگای
دڵی ناناسێ خوداوەندی یەکتا نەبێ
کە ژوور کەوتی ، پێی نەگووتی ،
جێی مەهێڵەو ، رەگ و ریشەی مەقرتێنە
خۆشەویستی نێوانی تۆو پەپوولەکە
لە ناکاودا گوڵی کردوو تۆ وەراندت
مەگەر یاسای ژینگەو سرووشت
نەیگووتووە کە هەرگیز گوڵ مەوەرێنە
کۆرپەیەك بوو خەریك بوو بێتە گرۆگاڵ ،
گانگۆڵەو کەوتن و هەستان

بۆ خنکاندت ؟ مەگەر یاسای خوداوەندی
نەیفەرمووە کەوا کۆرپە مەخنکێنە
دڵی سینەی پەپوولەکە لە خەویکی
زۆر خۆشدابوو ، لە ناکاودا زرنگاندت
بۆچی پەندی پێشینانت لە بیر چووە ،
کەوا خەوی قوول خەوتووان ، مەزرنگێنە
کە هەنگاوی یەکەمت ، نا ،
نەتدەزانی کە دەست و پێت ، بەستراوە
بەو هەموو کۆت و زنجیرە ، بەخەنجەری
نووک ژاراوی ، بەو هەموو داوو پشتوێنە
ئەگەر هات و لێرە بەدوا ، خوا نەکەران ،
شەمێکی دیکەت هەڵگیرسان
بە یەک فوویەک ، بە بێ بەڵگە ،
بۆ ویستی خۆت ، گڕەکەی دامەمرکێنە
پەپوولەیەک بە ئارامی ، ئەگەر هات و
خۆی هاویشتە نێو باوەشت
ڕێزی بگرە ، لێی بێزار بوویت ،
بە ئاسانی ، لە بن پێتدا مەیهەنجێنە

پەپوولە هونەری خوایە ،
لە پاکیدا بێهاوتایە ،
ئەرێنی پێدەبەن خەڵکی
ئەگەر گووتیان باڵی گێڕە ، چاووی کزە ،
ملی لارە ، بە ئاسانی مەیسەلمێنە
گیانداریکی بێتاوانە ، ناسك هەستە ،
داوێن پاکە ، مێشك کراوە
نیزای گیرا ، تکای پەسەند ،
بە ئاهی ئەو ، دەروونی خۆت مەسووتێنە .

# پەشیمانم

پەشیمانم لەو دڵۆپە فرمێسکانەی
بۆم رژاندی ،
لەو ئەڤینەی
لە مێشکمدا
بۆم رواندی ،
لە گوڵدانی نێو دڵمدا ،
لە شوێنی گوڵ ،
کە بۆم چاندی .

# چەند چووارینە

## من و تۆ

کە بێ دەنگم ،
لە کڵپەدای ،
دەڵێی شەمی
کە دەسووتێم وەکو خەڵۆز ،
تۆ بێ خەمی ،
کە چاووانم بە بارانن ،
ئاسمانێکی بە سایەقەی
کە سایەقەم ،
زستانێکی ،
پڕ باران و پڕ لە تەمی .

# مێژووی ژیانم

کاتێک بە بیر دەڕوانمە
سەر تا سەر  مێژووی ژیانم
تروسکەیەك شادی نیە ،
ئای چەند زۆرن خەمەکانم
زەردەخەنە تاکە تاکن ،
دەنگی نیە پێکەنینم
ئای کە زۆرە شین و زاری ،
رۆ رۆو فیغان و گریانم .

# ئۆکسژین

لە کاتێکدا
دڵی سینەم دەگیردرێت ،
لەوەدایە بێتە وێستان ،
زۆر بە پەلەو هەڵەداوان ،
بە شوێن هۆدا دەکەومە پەلە کووتان
پزیشکێکی زۆر شارەزای لەشی خۆمم ،
هەناسەکەم ،
زوو دەزانم دووری تۆیە
کە ناهێڵێت ،
ئۆکسیژین بێتە رەگەکان .

# تۆسقاڵێك زەردەخەنە

کەمێك شادی ، رووی لێکردم
خۆی خزاندە
ئێو هەناووم
تۆسقاڵێکیش زەردەخەنە ،
کەوتە لێوی
قەبارگرتووی قلیشاووم ،
تاڵێك ئومید هاتە دڵم ،
ترووسکێکیش لە رووناکی
بۆ دوو چاووم
بەڵام ئەفسوس گەلێك کوورتبوو ،
کە ئێستا لە خەو هەستاووم .

## خەون

[ پێشکەشە بە بقە ]

شەوێک نەبوو لە خەونمدا
لە گەڵ یەکدا ،
لە هەڵبەزو دابەز نەبین ،
لەو رۆژەوە کە لێم وون بووی ،
خەویش لە چاووم زڕ بووە ،
چ بگاتە خەوون بینین ،
لە تاریکی شەوانەدا ،
لە ژێر تیشکی گەرمی هەتاو ،
لە جەنگەلدا ،
لە کەناری رووباری ئاوو
لە زۆر شوێندا ،
کاتێک کەوا دەهاتین و
کاتێک دەچووین ،
نە پێویستمان بە شەم هەبوو ،

نە مانگە شەو ،

نە بە کەپرو نە بە سێبەر ،

گەشی رووی تۆ ،

هەم چرا بوو بۆ تاریکی ،

هەم تیشکی هەتاوو سووتێنەر ،

لێو هەمیشە بە زەردە بوو

دەم هەمیشە بە پێکەنینن ،

لە قاقامان وەڕس ببوون باڵندەکان ،

بێخەو ، بێزار ،

لە جەنگەلی کپ و ئارام ،

کەوتبوونە لەرەو لەرزین

گوڵ و گەڵا ،

چڵ ، لق و دار ،

لە ژێر پێدا ناڵەی دەهات ،

خاکی زەمین ،

بەڵام ئەمڕۆ جەنگەلەکان ،

ترس هێنەرن ،

پڕ مەترسی ، تۆقێنەرن ،

باڵندەکان ، خەمۆك ، بێدەنگ ،
گەڵاکان زەرد ،
گوڵەکانیش بێ بۆن و رەنگ ،
هەتاو لە پشت ، پەڵە هەوری
رەشی ئاسمان
خۆی مات داوە ،
ئاوی رووبار ،
کشەو خەمبار ،
خورەو هاژەی لێبڕاوە ،
گەر دەتەوێ کە بزانیت من لە چیدام ،
وەکو بەردێکی بێ جولەم
کەوتوومەتە بن ئەو ئاووە ،
کە دەگریم بۆ گریانم ،
هەزار هۆ هەن ،
دەست ناکەویت
تاکە هۆیەك بۆ پێکەنین
یا زەردەخەن ،
کە تۆ وون بوویت

هەنگوین چەمان ،
گوڵی گوڵشەن لە چاوومدا ،
بوو بە گوڵخەن ،
برینی دڵ هاتەوە سوێ ،
شادی فڕی ،
بارانی خەم کەوتە بارین ،
جارێکی ترو سەر لە نوێ ،
ووشك وەرگەڕا ،
فرمێسکی پیاڵەی چاوانم ،
بۆیا ئێستا ، بە رۆژو شەو ،
خەریکی خوێنە بارانم ،
دەڵێی رۆژگار بەرەو دوواوە
وەرچەرخاوە ،
منی بێبەخت ،
لە شوێنی جاری جارانم ،
لە مێشکمدان دوو ئارەزوو ،
پەروەردگار ،
بهێنە دی یەکێك لە دوو ،

یا خود وون بووم بۆ پەیداکە ،
وەرچەرخێنە یاخود رۆژگار
بۆ ئەو دەمەی ،
نە ، هاتبووە بەر چاوانم ،
نە لە بیری رۆژمدا بوو ،
نە خەونی خەوی شەوانم .

# ترپەی دڵت

[ پێشکەشە بە بڤە ]

کە پێمت گووت ،
لە وڵامی پرسیارەکان ،
دەڵێم کاتێك عاشق دەبم ،
کەوا دڵم زۆر بە توندی ،
بکەوێتە ترپەو لێدان ،
رۆژێك گووتت وا خەریکە ،
کاتێك سەرم ، خستە سەری ،
بۆ پشوودان ،
ترپەی دەهات و دەیگرمان ،
بەڵام عیشقی
بەخت وەرچەرخاوو
نە نێوی بوو نە نێو نیشان ،
یا ترپەکان نا دروست بوون ،
یا عاشقی ووشەیەکە ،
بووە بە وێردی سەر زمان .

# چاپکراوەکانم

2 . **چووارینەکانی یوسف سدیق زەنگەنە** .
بەشی یەکەم . 2: 81 .

3 . **چووارینەکانی یوسف سدیق زەنگەنە** .
بەشی دووهەم . 2: 84 .

4 . **بازاری شۆریجە** . چیرۆك و رووداوو .
2: 84 .

5 . **دهۆك و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێل کوردستانەوە** . 2: 84 .

6 . **پەپوولەی باڵ شکاوو** . کۆتایی 86 :2 .

7 . **سکاڵای کوردیکی دڵسۆز** . 87 :2 .

8 . **کۆترەکەم و شۆرشی کوردستان** . 87 :2 .

9 . **وازم لیبینن دڵداری ناکەم** . 87 :2 .
چیرۆکیکی کۆمەڵا یەتییە .

: . **رەشەبای رقی پیشمەرگەیەکی سەرشیت** .
چاپی یەکەم . 96 :2 .

21 .**هەمان کتیب** ، چاپی دووهەم ، 97 :2 .

22 .**ئیملا** . وەرگێڕاو لە فارسییەوە . 98 :2 .

23 .**سوتۆ و تەتۆ** . وەرگێڕاو . 99 :2 .

24. **نەسرین** . 3111 .

25. **بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی:** کە لە ساڵی 85 :2 دا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا .

26. **دەزگیرانەکەی باوکم:** چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە بۆ شانۆ .

لە گەڵ ئەوانەدا کە نێویان هێنرا بە دەیان کورتە چیرۆك و چیرۆکی شانۆگەری و شیعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی ، عارەبی ، فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامە و وەرز نامەی جۆراوجۆردا بڵاوکردووەتەوە ، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت ئەوا لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە .

جگە لەوانەی کە باسکران ، بە دەیان کۆڕو سمینار و وانەی تەلەفیزیۆنیشم ئەنجامداوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز .

# چاپنەکراوەکانم

2 . **نەسرین** . چاپی دووهەم ، بە دەستکارییەوە .
لە ژێر چاپدایە .

3 . **بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد** : ( هەڵبەست )
لە ژێر چاپدایە .

4 . **تەنەکەی زبڵی خودا :** چیرۆك و بەسەرهات .
لە ژێر چاپدایە .

5 . **هەزار کیلومەتر خوێن:** بەسەرهاتی کوردانی
ئەنفال کراوە .

6 . **لە روانگەی پێشمەرگەیەکی سەر شێتەوە .**

7 . **یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە 0444 ساڵ**:
چۆن فرۆشرا .

8 . **مەکری پیاوانی کورد :** چیرۆکێکی
کۆمەڵا یەتییە .

9 . **مامۆستای گوندەکەمان:** چیرۆکیکی
شانۆگەری درێژەو لە ساڵی 82 :2 لە چەند
دانەیەکدا بڵاوکرایەوەو برێك لە لاوانی
هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاوونەترسی
شۆریجەیی لەسەر شانۆدا نواندیان .

: . **زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی
ئایینەکەی .**

21 . **زەردەشت تاوانبارێکی بێتاوان:** ئەو لۆمەو تانانەی نایاران بە زەردەشت و ئاینەکەیانەوە چەسپاندووە .

22 . **بەڵێ زەردەشت کورد بوو .**

23 . **کاریگەری ئاینی زەردەشت لە سەر جوولەکەو ئیسلام:** هەروەها باسم لە کاریگەرییەکەی کردووە لە سەر و سوقرات و ئەفلاتۆن برێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژاواییەکان .

24 . **ئابووری سیاسی:** سەرەتایەك بۆ لاوان .

25 . **پیشەکییەك بۆ سیاسەت .**

26 . **مام احسان و مەلا موستەفا بارزانی:** باس لە یەکەمین چاوپێکەوتنی ژنرال احسان نوری پاشا سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مەستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی 72 :2ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی 84 :2 لە ژوورەکەی مندا روویداو کورتەیەك لە گووتوبێژەکانیان . هەروەها بردنی مام احسان بۆ ماڵی بارزانی پاش 4 ساڵ و بۆ کاك مسعود بارزانی لە سەر ئەو کارەم چەندین گرفتی بۆ دروست کردم . کورتەیەکی لە

رۆژنامەو تەلەفیزیۆندا باسکراوە و بەم زووانە بە شێوەی کتێب بڵاوی دەکەمەوە .

27 . **لە رۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە:** باس لە ئەرێنی نێوان خانەوادە دەکات .

28 . **پشکنەر کۆلۆمبۆ لە کوردستان:** چیرۆکێکی شانۆگەرییە لە بارەی چۆنیەتی پەیدا کردنی ئەوکەسەی کە پیلانی لە گۆڕ دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی کێشا ، لە لایەن پشکنەر کۆلۆمبۆوە کە لە ئەمەریکاوە بانگهێشت کراوە بۆ ئەو مەبەستە .

29 . **نامیلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وردەگێردرین بۆ زمانی کوردی و عارەبیش .**

2: . **بیرەوەریەکانم لە چەند بەشێکدا ، لەوانە :**

- **بۆنی شیرو سیاسەت:** ژیانم بەر لە ساڵی 79 :2 .
- **1524:** دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی 75 :2 چی بوو ؟ چۆن بوو ؟ دەستپێك و ئاکام . بۆ و چۆن مام جلال تالەبانی کە ئەو سەردەمە پێشمەرگەی عبدالرحمن

عارفی سەرەك کۆماری عیراق بوو ، بڕیاری کوشتنمی دەرهێنا و لە شەوی نەورۆزی ساڵی 79 :2 گوللەباران کرام و کۆششی جەلالییەکان بۆ دەرمانخوارد کردنم لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووك .

- **پاراستنەکەی شۆرشی ئەیلولی 1521 یا رووخێنەرەکەی ؟:** بەڵێ من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد .
- **دوای کوشتنم:** ژیانم دوای 79 :2 و تا 86 :2 .
- **هەرەسەکەی 1531:** ژیانم لە تاوارگەی ئێران و ئەوروپا . من دامەزرێنەری یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی بووم پاش هەرەسەکە ، بە بەڵگەو دوکومێنتەوە . کەی و چۆن هەرەس هێنەران هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا . من یەکەم کەس بووم لە ئەوروپا بیری گۆڕانم هێنایە بوون و شەمی دەست پێکردنیم لە تەلەفزیۆنی میدیاداو لە بەرنامەی

(رۆژباش کوردستان) لە بەرواری 21Ꞁ22Ꞁ3111 دا هەڵگیرساند .

- **شۆڕشێك كە ئاواتەکانی لە بار چوون:** باسی ئەو گرفتانەیە کە کاك مسعود بارزانی و (قیادە الموءقتە) کەی بۆیان دروست کردم و ئەو پیلانانەیە کە دژ بە من و بۆ لە نێوبردنم کێشرا ، هۆیەکانی و ئاکامەکانی .

31 . **هۆرەکانی شەکسپیر:** ئینگلیزی و کوردییە . ئایا شەکسپیر ئەوەیە کە باسی لێدەکەن ؟

32 . **شارەکەم کەرکووك:** لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا . کورتەیەکی لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە .

33 . **لە پێناوی مێردەکەیدا:** بەسەرهاتی ژنە کوردیکە لە دوو بەشدا . بەشی یەکەم لە پێناوی مێردەکەیداو بەشی دووهەم ، لە پێناوی کۆرپەکەیدا .

34 . **تهافت التهافتین:** امام محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی احمد ابو حامدی الغزالی ، لەساڵی :216ی زایینی لە توسی خۆرهەڵسانی ئێران ، هاتە جیهانەوەو لە سالی2225 کۆچی

کرد وله نێوان سالانی 2 :21 تا 6 :21 کتابی **(تهافت الفلاسفه۔ رووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان)** ی نووسی و زۆر لە بیروباوڕی فەیلەسوفەکانی یونان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کردو راماڵکاند .

دوای تێپەڕبوونی78 ساڵ بەسەر لە دایکبوونی الغزالی لە قورتووبەی وڵاتی ئەندەلوس یانی لەساڵی 2237 ی زایینی ابی الولید محمد کوڕی احمد کوڕی محمد ابن رشد القرتبی هاتە جیهانەوەو لە ساڵی 9 :22 دا لە مراکش کوچی کرد . ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت۔ رۆخانی روخێنەرەکە ) کە مەبەستی روخانی کتێبەکەی الغزالیە و ئەویش بۆچوونەکانی الغزالی بووچەل کرد . بە یاری پەروەردگار من لە دوا بەشەکانی تەواو کردنی کتێبێکدام کە 39 ساڵی رەبەقە کاری لەسەر دەکەم بە نێوی **(تهافت التهافتین۔ رووخانی هەردوو رووخێنەرەکە )** و ئەگەر پەروەردگار یار بێت لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا پشتی ئەو دوو کەڵە سوارە دەکوتم بە زەمینداو کراسێکی لە شاڵو بیری پاکی کوردی دروستکراو بۆ

فەلسەفە دەدوورم و لە بەری دەکەم و جلە کۆنەکانیشی دەخەمە گۆڕیکی چەندین گەز قوولەوەو نایەڵم نێویشی لە نێواندا بمێنێت. چاوەڕوانی بن و لە پەروەردگاریش داوای سەرکەوتنم بۆ بخوازن .

35 . **خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت:**

بۆچوون و بیروڕاکانمە لە مەڕ فەلسەفەو گیروگرفتەکانی . ئەم کتێبە دەبوایە لە ساڵی 2:: 3 دا بڵاوببێتەوە ، بەڵام وەك لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاو کرایەوە تەنیا وێنەی بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەڕۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شیعری بڵاونەکراوەیان لە ماڵەکەمدا لێ دزیم بە کومپیۆتەر و دەست نووسینەکانیشەوەو تا ئێستاش دز هەر نەدۆزرایەوەو سێ وولاتی زەبەلەحیش یەکتریان تاوانبار کرد بەوکارەو لەو کاتەشەوە بە شەوو بە رۆژ بە کوون و قوژنەکانی مێشکمدا دەگەڕیم بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی و لە خودا بە زیاد وورده خەریکم دیوارەکانی بەرز دەکەمەوەو بە کوێری چاووی دوژمنانی

زانست و زانیاری راست و پاك و رەسەن بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەبۆشم . چاوەڕوانی ئەمەشیان بن و بزانن بۆ: لە دایك بووین ؟ مەبەست لەم هات و چوونە بە پەلەیە چییە ؟ بەهەشت و دۆزەخ لە کوێدان ؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو چەندە و بەرەو کوێ دەچێت ؟ خودا ئێمەی دروست کردووە یا ئەو دروستکراوەی بیری ئێمەیە ؟ ئایینەکان زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە دروست بوونیان چییە ؟ ئایا پیغەمبەرەکان ، خودا هەڵیبژاردوون یا ژیری بیری خۆیان هێناوییانیەتە بوون ؟ فەیلەسوفەکانی جیهانی رۆژ ئاوا ، ئەگەر لە سەر زەمینی پیغەمبەراندا لە رۆژهەلاتی نێوە راست بهاتابایەنە جیهانەوە هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا پیغەمبەر و بە پێچەوانەشەوە ؟ ئایا خودا ئادەمیزادی دروستکردووە یا لە تۆزو خۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتووەتە بوون وەك ئاینشتاین و هاوبیرانی بۆی دەچن ؟ تیژڕەوی مادە (السرعە ) ، هێز زۆرتر دەکات یا کێش ، وەك ئاینشتاین رای لەسەر دووهەمیانە ؟ ئەو کونە

ڕەشانەی کە جارو بار بەر چاووی تەلەسکۆبە زەبەلەحەکان دەکەون چین ؟ ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەك زانایان ! بۆی دەچن یا . . . ؟

خودا یار بێت پێش یا پاش مردنم دەکەوێتە بەر چاووتان و دەگەنە وڵامی زۆر لەو پرسییارانەی کە ماخۆلانی خستووەتە مێشکتانەوە .

# من کێم

**2411/45/11**

ـ لە ژیانمدا ، بە سەرهات ، ڕووداو ، هەڵویست ، خەم ، ئازار ، بڕوانانە ، گەلێک زۆرن کە شانازییان پێوە بکەم بەڵام ، شانازییەک کە ئەو شانازییانە شانازی پێوە دەکەن ئەوەیە کە ، لە داییک بووی گەڕەکی شۆریجەی کەرکووکی باشووری کوردستانم .

قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری کەرکووک تێپەڕاند . بکالۆریوس و چەندین ماستەرو دکتۆرام لە زانکۆی تاران و زانکۆی لەندەنی بەریتانیا بە دەست هێناوە .

خوێندنەوە و نووسین لە سەرەتای ژیانمەوە ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووە ، هەروەها هەوڵدان و خوێندن لە پێناوی بە

دەست هێنانی بڕوا نامەی بەرزداو لەو بابەتانەدا کە لە منداڵییەوە نەخشەم بۆ دانابوون و سوپاس بۆ خودا ئەوپەری سەرکەوتنم بە دەست هێناوەو لەو بووارەدا ئارەزووەکانم هاتوونەتە دی .

شایانە بڵێم کەهەمیشە ئامۆژگاری سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تایبەتی لاوان ئەوە بووە کە بە پێی توانی هەوڵی ئەوە بدەن ڕێگای خوێندن بگرنە بەر چونکە ئاکامەکەی بە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیان کۆتایی دێت و بە کەڵکترین دەرمانیشە بۆ چارەسەر کردنی ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان .

ـ وەك لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا ، کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا ، هەر بەو شێوەیەش هاوڕێتیم لە گەڵ نووسیندا پەیدا کرد . بێگومان بارو دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە

هاندەری سەرەکی بوون . بۆ تێکەڵ بوونم لە گەڵ سیاسەتدا کەم بوونی خوێندەواران بوو لە نێو گەورەکانی گەڕەکەکەماندا بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەنووسران و لە دووایشدا ئەوانەی کە لە لایەن شۆڕشەوە دەردەچوون کە تا بڵێی کەم و کوورت و ناوەڕۆك لاوازیش بوون .

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (کە هەرگیز ) و چی زیان ( هەمیشە ) ، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەرو شەهید ، مامۆستا حسیب و مامۆستا عمر شریفم ، کە ئەو دوو کورد پەروەرەوە بوون ریگای پاکی کوردایەتیان پیشاندام و تاوەکو ئەمرۆ لە سەری ماووم تا مردنیش هەر دەمێنم .

لەبارەی نووسینەوە ، وەك ئاماژەم بۆ کرد ، کەم بوونی بڵاوکراوەی

حزبی و تینوو بوونی خەڵك بۆ زانینی هەواڵ بوو کە هانیاندام بۆ ئەوەی بە نێوی شۆرشەوە بنووسم و بخوێنمەوەو سوپاس و دوعاش بۆ شۆڕش و لێپرسراوە لە چاڵی دوواکەوتندا چەقیوەکانی بێت .

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی ـ***گەشت بۆ نومرە هەشت*** ـ کە بەسەرهاتێکی زۆر سەیرو سەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوییەکدا بخوێنرێتەوەـ یەکەمین نووسراوومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قوتابی ساڵی یەکەمی ئامادەیی بووم .

لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم بە مانای (چەپی) و نە هەرگیز کۆمۆنیست و نە ئایدیۆلۆژییەکەییم بە گونجاو رەچاو دەکرد بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کورد ،

بەڵام ، ئەوەی منی نەدەناسی ونەیدەزانی نووسەرەکەی لاویکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی دەخوێندەوە ، کتووپڕ دەگەیشتە ئەو بۆچوونەی کە نووسەرەکەی مرۆڤێکی بە تەمەنی نووقم بوو و کووڵاوی نێو مەنجەڵی بیروباوەڕی کۆمونیستییەو زۆریش لە نزیکانی خۆم ئەو تاوانەیان پێوە نووساندم و لەوانە باوکی خۆم.[1] لە کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە گەشتێك دەکات کە قوتابخانەی شۆریجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی نومرە 9ی نزیك بە دوبزی شاری کەرکووك بۆ سەیران و دووانە

---

[1] . بەسەرهاتی تاوانی کۆمونیست بوونم لە لایەن باوکمەوە لە ناوەڕۆکی کتێبی چیرۆکی وازم لێبێنن دڵداری ناکەم دا بە درێژی باسکردووە . دیارە هەر لە ئاکامی ئەوەدابوو کە لە ساڵی :2:8 کاك مسعود بارزانی و سەرکردایەتیە کاتییەکەی نامەیەکیان دابوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێیدا باسی ئەوەیان کردبوو کە شۆرشەکەی 2:72یان شۆرشێکی ئیسلامی بووەو لە سەرەتاوە یوسف زەنگەنەو هاوبیرانی کردوویانە بە کۆمونیستی . باشبوو گەورە پیاوی دەسەڵاتداری ئێران ، مەسعود و خێزان و سەرکردایەتییەکەی لە خۆی چاکتر دەناسی و زانیشی لەو کاتەدا من تەمەنم چەند بووە .

لەسەر ئەو دیمەنانەی کە بینیم و تێبینیم کردو ئەو جیاوازییە لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەوێدا کە زۆربەی هەرە زۆریان بێگانە بوون بە تایبەت ئینگلیز ، لەگەڵ شێوەی ژیانی ئێمەدا کە لە گەڕەکی شۆریجەی هەمان شاردا دادەنیشتین . هەروەها لە کتێبەکەدا باسم لە چەند رووداوی خۆشەویستی و بەسەرهاتی خۆشی منداڵانە کردووە .

چ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەو چ لە پاش ئەوە ، خەمی نەتەوەکەم و خۆمم وردە وردە بە عارەبی و کوردیش دەڕژاندە سەر لاپەڕەی هەندێك لە گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا کە زۆربەشیان لە بغدادی پایتەختی عراق دەردەچوون ، تا گەیشتە شەوی نەورۆزی ساڵی 2:7 9 کە لە لایەن ئەو باڵەی شۆرشەوە کە خۆیان فرێدابووە باوەشی حکومەتی عراقەوەو رابەرەکەشیان

ببوە پێشمەرگە عبدالرحمن عارفی سەرەك کۆماری ئەو وەختەو لەپاشانیشدا حکومەتی بعس، لە سەر نووسین و جموجۆلەکانم دژ بە دووبەرەکی و کورد فرۆشی بڕیاری لە نێوبردن و کوشتنمیان دەرهێناو بە برینداربیەکی قورس وترسناك کۆتایی هات کە تا ئێستاش لە لایەن فیزیکییەوە پێیەوە دەناڵێم و لە لایەن معنوی و رەوانیشەوە گەورەترین و بەرزترین پاداش و پلەیەکە کە بە دەستم هێناوەو پێیگەیشتووم .کوردفرۆشان بەو ئاواتەوە بەو کارە هەستان کە دەنگی راستی کپ بکەن و چرای مەشخەڵی هەڵکراوە بکوژیننەوە کە بتوانن لە تاریکیدا وەکو ئەهریمەن بکەونە مروڤ کوژی و بردن و تالان، بەڵام هەوڵ و ئاواتەکەیان نەهاتە دی و بە فیرۆدا چوو ئەگەرچی ئەو گوللانەی کە بە گییانە بێتاوانەکەی منیانەوە نا، تینوویەتیانی

نەشکاند و چەندین هەوڵی دیکەیان دا کە دەرمان خوواردم بکەن لە کاتێکدا بە بارێك کۆت و زنجیریش بەسترابوومەوە بە چارپایەکەمەوە لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووکدا ، کە ئەو تەقەللایانەشیان هەر بێسوود بوو و ئەوە نەبێت رووی رەشیانی رەشتر کردو چاوویانی لە بەرامبەر کورددا شۆڕتر .

ئەو رووداوە دڵتەزێنە نە هەر تاکە هەنگاوێکیش بەرەو پاشەوەی نەکشاندم ، بەڵکو هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی هەتا هەتایە رێرەوی ئەو رێگایە بم کە گرتبووم و گرتوومەتە بەرو سوور تر بم لە تێکۆشانی بێووچان دژ بە کوردفروشان و ئەوانەی کە بە خوێنی کوردەوە بازرگانی دەکەن ، ئیتر ئەم باڵی شۆڕشە ئاوات لە بار چوو و دزراوەکەمان بێت یا ئەو باڵێ .

لە ژیاندا تووشی تەنگەچەڵەمەو ئێش و ئازارو ئاوارەیی و دەربەدەری برینداری و خەم و پەژارەو ئەشکەنجەو زیندانی زۆر بووم ، بەڵام ، بە شانازییەوە دەڵێم کە هیچ یەك لەو بەسەرهاتانە نەیانتوانی چۆکم بنووشتێننەوەو لە شەڕی سیاسی نێواندا لەگەڵ لایەنە کورد فرۆشەکاندا هەمیشە من سەرکەوتووی سەربەرز بووم ، چونکە ئەو بیرو باوەڕی کوردایەتییەی کە خۆم پێ چەکدار کردووە گەلێك لەو لایەن و بیروباوەڕە پووچەڵانە بەهێزترە کە کە بەربەرەکانی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن . بۆیا وەك دەبینری و ئاشکرایە رابەرانی داگیرکەری ئەمڕۆی کوردستان ، هیچ بایەخێکیان نەماوەو تەنیا بە زۆری هێزی چەك و چەکدارە بە پارە راگیراوەکانیانە کە توانیویانە لە گۆڕەپاندا بمێننەوەو بێگومانم کە ئەم بارودۆخەش

کوورت خایەنەو لە داهاتویەکی زۆر نزیکدا دەیان بینین ئەوانیش وەکو هەندی لە رابەرانی عارەبی هەڵهاتوو کوونە مشکیان لێدەبێت بە قەیسەری و وولات بە وولات و شار بە شار بە شوێن پەناگایەکدا دەگەڕین کە خۆیان تێدا بشارنەوە تا لە تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامیان داوە ، رزگاریان ببێت ، کە ئەم خەیاڵەشیان هەر خاوەو هێزی رەش و رووتان و هەژاران و کۆرپەی شەهیدان و بە جێماوی ئەنفالکراوان و بە گازی کیمیاوی خنکێنراوان ، ئەو هەولانەیان پووچەڵ دەکەن و ریگای هەڵهاتنیان لێدەبەستن و لەقەفەسی تاواندا رایان دەگرن و دەیانگەیینن بە سزای رەوای خۆیان .

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| 2 . پێشکەش | 4 |
| 3 . کیژە کوردە بەرلینییەکە | 5 |
| 4 . خوو و نەرێت | 39 |
| 5 . عەباو پەچە | 3: |
| 6 . گۆشتمت خووارد | 43 |
| 7 . یادی تۆ | 44 |
| 8 . بێ ئەو | 46 |
| 9 . چاووت | 47 |
| : . جوانە | 4: |
| 21 . خۆشەویستی | 54 |
| 22 . دەتپەرستم | 57 |
| 23 . پەنجەرە | 59 |
| 24 . هەتاوو | 65 |

25 . بەڵێن 66
26 . راز 68
27 . چەپکە گوڵێك 74
28 . گرنگترین هەواڵی رۆژ 79
29 . ئەزموون 7:
2: . ئەو ساتانەی لەگەڵمدای 83
31 . هۆی شادی 84
32 . بەرهەمی خۆشەویستی 85
33 . کێش و سەروای شیعر 86
34 . هەرکە دەڕۆی 88
35 . دەنگت 89
36 . چاوونەترسم 8:
37 . خۆشتم دەوێ 91
38 . پەشیمانی 92
39 . رستەی شایان 93
3: . درۆزن 96
41 . گوڵ پەرست 98
42 . لە کاتێکدا جێمدەهێلیت 9:
43 . چ سرپێکە :3

| | |
|---|---|
| 44 . بیرت دەکەم | :4 |
| 45 . تینوو | :5 |
| 46 . دڵڕفێنم | :6 |
| 47 . خۆزگە | :7 |
| 48 . دڵی شەم | :8 |
| 49 . زەردەخەنەی خواحافیزی | :9 |
| :4 . ئاسکۆڵەکەی هەورامان | 211 |
| 51 . ڤینۆسی زەمان | 213 |
| 52 . تیشکی چاووت | 214 |
| 53 . کە زیز دەبی | 216 |
| 54 . خەم باران | 217 |
| 55 . منداڵە هارەکە | 218 |
| 56 . شینی با | :21 |
| 57 . تۆ پەرستی | 221 |
| 58 . پەڕی گوڵ | 222 |
| 59 . فرمێسکی شادی | 223 |
| :5 . بڕیار | 229 |
| 61 . لە چاووەڕوانی دڵێکی نوێدا | 234 |
| 62 . فرمێسکی شادی | 236 |
| 63 . پەپوولەکەم | 241 |
| 64 . بۆنی تۆ | 242 |

| | |
|---|---|
| 65 . پەپوولەی باخی ئیرەم | 243 |
| 66 . بەڵێنی ماچ | 245 |
| 67 . بێ وەفایی | 247 |
| 68 . سوجدە ـ2ـ و 3ـ | 24: |
| 69 . دڵ و چاووی من | 253 |
| 6: . یادی تۆ | 255 |
| 71 . لە کوێی ؟ | 256 |
| 72 . جوانی و راستی | 258 |
| 73 . شای مەستان | 25: |
| 74 . بیرت دەکەم | 261 |
| 75 . خۆکوژی هەتاوو | 263 |
| 76 . نیگای چاووت | 264 |
| 77 . ئاسکۆڵەکەی باخی بەهەشت | 266 |
| 78 . دەڵێی خودای | 267 |
| 79 . دوو رووبار | 268 |
| 7: . دووا هەناسە | 26: |
| 81 . گرژی دەم و چاوو | 272 |
| 82 . گڕی دۆزەخ | 273 |
| 83 . کە رۆیشتی | 274 |
| 84 . گۆچانی دەستم | 277 |
| 85 . وولاّم | 278 |
| 86 . مانگ و هەتاوو | 282 |

87 . مەشخەڵی شەو 283
88 . هاودەمی ئاگر پەرستان 284
89 . چەند درێژە شەو 286
:8 . جوانترین تابلۆ 288
91 . پەنا بۆ یادی رابووردوو 28:
92 . گڕی چاووت 291
93 . خونچە 292
94 . شاگوڵ 293
95 . کەشتی نوح 294
96 . قلیشی لێو 295
97 . گێژەنە 296
98 . لە پێناوی ماچێکدا 297
99 . جوانترین دروستکەردە 299
:9 . عیشق و لۆمە 2:1
:1 . بیری تۆ 2:4
:2 . هەتاووی رووت 2:5
:3 . کەشتی ئاوات 2:6
:4 . نیگای چاووت 2:8
:5 . عیشق و کوردایەتی 2:9
:6 . ئاوەنگ 311
:7 . گوڵێکی لە سێدارە دراو 314
:8 . کلیسا 315

| | |
|---|---|
| :9 . چاووت | 316 |
| :: . باسی جوانی | 317 |
| 211 . تۆ و منی پەپوولە | 321 |
| 212 . پەشیمانم | 325 |
| 213 . چەند چووارینە⁄ من و تۆ | 326 |
| 214 . مێژووی ژیانم | 327 |
| 215 . ئۆکسژین | 328 |
| 216 . تۆسقاڵێك زەردەخەنە | 329 |
| 217 . خەون | 32: |
| 218 . ترپەی دڵت | 335 |
| 219 . چاپکراوەکانم | 336 |
| :21 . چاپنەکراوەکانم | 338 |
| 221 . من کێم | 236 |
| 222 . ناوەڕۆك | 246 |